دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤١٩
٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤
١٦ی ئوتی ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## ئەمریکا: سەرکوتی کوردەکان جێگای نیگەرانییە

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێ ئەو راپۆرتانەی باس لە سەرکوتی کوردەکانی ئێران لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەکەن، جێگای نیگەرانین. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە دەڵێ راپۆرتەکان ئەوە دەردەخەن کە لە باکوورو باشووری رۆژئاوای ئێران چەندین کەس کوژراون‌و ژمارەیەکی زۆریش دەسگیر کراون. ئەم وتەبێژە دەڵێ حاشاکردن لە مافەکانی کەمایەتییەکان مەسەلەیەکە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان بە پشت بەستن بە بەڵگەی بێ‌ژمار سەلماندوویانە.

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا داوای لە ئێران کردوە نەرم بجووڵێتەوەو رێز لە مافەکانی هەموو خەڵکی ئێران بگرێ. ئەو راپۆرتانەی حەوتووی پێشوو کە لە کوردستانەوە گەیشتون باس لەوە دەکەن کە لە تێکهەڵچوونی نێوان خەڵك‌و پۆلیس لە شاری سەقزدا لانیکەم ١٣ کەس لە نارازییان گیانیان لەدەست داوە. کوشتنی چالاکێکی کورد لە مانگی ژوئیەدا بە دەستی هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران بۆتە هۆی پێکهاتنی زنجیرەیەك خۆپیشاندانی بەربڵاو لە ناوچەی کوردستانی ئێران، کە لە ژمارەیەکیاندا توندوتیژی هاتۆتە ئاراوە.

مالپەڕی: کوردستان میدیا

# سڵاو لە خەڵکی کوردستان کە بە راپەڕینێکی پڕ شکۆوە بە پێشوازی جێژنی ٦٠ساڵەی دامەزراندنی حیزبە خۆشەویستەکەیانەوە چوون




بەیاننامە:

## شەستەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**دۆستان، لایەنگران‌و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی، رێکەوتی ١٦ی ئووتی ٢٠٠٥ی زایینی، شێست ساڵی تەواو بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشڕەوو خەباتگێڕی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا تێدەپەڕێ. بەو بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان‌و لایەنگران‌و دۆستانی حیزب، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییە سیاسییە خۆڕاگرەکان‌و بنەماڵە چاوەڕوانەکانیان‌و تێکڕای چین‌و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری‌و هەموو ئازادیخوازانی ئێران دەکەین. بۆ تێکۆشەرانی رێگای رزگاری سەرکەوتن‌و بۆ ئاوات‌و ئامانجە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکانیان وەدیهاتنی هەرچی زووتر بە ئاوات دەخوازین.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستیی مێژوویی قۆناغی ئەودەمی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ ـ ك) دامەزرا کە ٣ ساڵ پێشتر بە کەڵکوەرگرتن لەو فەزایە کە لە ئاکامی شەڕی دووەمی جیهانیدا پێك هاتبوو، دامەزرابوو. دامەزرانی حیزبی دێموکرات نوختەگۆڕانێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا بوو. بۆ یەکەمجار بوو کە حیزبێکی میللی ـ دێموکرات بە بەرنامەیەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخوازانەوە دەهاتە نێو گۆڕەپانی خەباتی خەڵکی کوردستان‌و تێکەڵ بە کاروانی پڕسەروەریی تێکۆشەرانی رێگای دادپەروەری‌و دێموکراسی لە ناوچەدا دەبوو، و دەبووە ئەڵقەیەك لە خەباتی گەلانی جیهان دژی فاشیزم‌و نازیسم‌و زۆرو زۆرداری لە هەموو شکڵ‌و قەوارەکانیدا.

لەو کاتەوە تا ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵاهەڵگری خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران‌و یەکێك لە هێزە سەرەکی‌و بەئیعتبارەکانی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە. ئەم حیزبە لە مێژووی پڕشانازیی تێکۆشانی خۆیدا کەندولەندو هەورازو نشێوی زۆری هاتۆتەپێش، تووشی تێشکان‌و تەنگانە بووە، رۆژانی سەخت‌و دژواری تاقی کردوونەوە، بێگومان تووشی هەڵە‌و کەموکوڕییش هاتوە، بەڵام هەرگیز بۆ رۆژێك لە رۆژان ئاڵای خەباتی هەڵنەپەساردوە‌و لە هەر قۆناخێك دا رێگای موناسبی بۆ درێژەدانی رێبازەکەی دۆزیوەتەوە. ئەم حیزبە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا سەرکەوتنی گەورە‌و بەرچاویشی بۆ خۆی تۆمار کردوون کە لەسەرووی هەموویانەوە دامەزراندنی کۆماری کوردستانە کە تەنیا ١٥٩ رۆژ دوای دامەزرانی حیزب پێك هات.

حیزبی دێموکرات نە بە سەرکەوتن لە خۆی بایی بووە‌و نە بە تێشکان‌و نەهامەتی تووشی ناهومێدی هاتوە، سەرکەوتنەکانی کردوونە پردەبازی پەڕینەوە بەرەو سەرکەوتنی زیاتر‌و لە ناکامییەکانی ئەزموونی وەسەریەك ناوە. ئازایەتیی ئەوەی هەبووە کە هەڵە‌و کەموکوڕییەکانی ببینێ‌و دانیان پێدابنێ‌و هەوڵی پاککردنەوە‌و قەرەبووکردنەوەیان بدا. لەو رێگایەوە ئەم حیزبە توانیویەتی وەك حیزبێکی بەپرنسیپ خۆی بە دۆست‌و دوژمن بناسێنێ‌و هەر ئەم خەسڵەتانەش کردوویانەتە یەکێك لە بەئەزموونترین و تەنانەت پڕسابیقەترین هێزی سیاسیی نێو بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد.

**تێکۆشەرانی رێگای رزگاری!**

ئەگەر بمانەوێ بەرچاوترین سروشتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەبیربێنینەوە، دەتوانین لە نێو دەیان خەسڵەتی رەسەنی خەباتگێڕانەدا ئەم خەسڵەتانە وەك نموونە ئاماژە پێبکەین:

ئەم حیزبە لە قووڵایی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هاتوە، بۆ قازانجی خەڵکی کوردستان ژیاوە‌و تێکۆشاوە‌و دروشم‌و ئامانجەکانی لە ویست‌و داخوازەکانی ئەو خەڵکەوە هەڵێنجاوە. هەر لەو کاتەدا خۆی بە چینێك یان توێژێکی تایبەتی کۆمەڵی کوردستانەوە نەبەستۆتەوە‌و هەوڵی داوە ئاوات‌و ئامانجەکانی هەموو چین‌و توێژە گەلی‌و دێموکراتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە بەرنامەی خۆیدا بگونجێنێ. هەر لەبەر ئەوەشە کە هەمووی ئەو چین‌و توێژانە وەدیهاتنی ویستەکانی خۆیان لە جێبەجێبوونی بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبەدا دیوە، زۆربەی زۆریان لە ژێر ئاڵای تێکۆشانی ویدا یەکیان گرتوە. ٢

چالاکی تەبلیغیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب ٣
حیزبی دێموکرات، لە ئاوێنەی بیروڕادا ٨
بزاڤی کوردی‌و ئەزموونی شێوازێکی نوێ لە خەبات ٩
حیزبی دێموکرات، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی‌و سەقامگیرکردنی دێموکراسی ٥
٦٠ رووداوی گرنگی مێژووی ٦٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات ١٠

## درێژەی بەیاننامە:

# شەستەمین ساڵــی دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

حیزبی دێموكرات واقیعبین بووە. دروشمەكانی خۆی بەپێی هەلومەرجی سیاسیو كۆمەڵایەتیو واقعییەتەكانی سەردەمو دەوروبەری گەڵاڵە كردووەو هیچ كاتێك هەوڵــی نەداوە بۆ ڕاكێشانی سەرنجی خەڵك دروشمی نەگونجاو هەڵ بگرێ. هەر بۆیەش قەت ڕێ نەكەوتوە ئەندامانو لایەنگرانی لەسەر ناواقیعیبوونی دروشمەكانی لێیبتەكنەوەو بڵاوە لە دەوری بكەن. بۆ ئیسپاتی ئەم قسەیە ئەوەندە بەسە كە دروشمی ستراتیژیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران كە بریتییە لە چارەسەری مەسەلەی كورد لە چوارچێوەی ئێران دا (چ بە شێوەی خودموختاری یان فیدراڵــی) دروشمی زۆربەی هەرەزۆری كۆمەڵانی خەڵكو جێگای پەسندی هەمو كۆڕو كۆمەڵە سیاسییەكانەو تێپەڕینی شەست ساڵ بناخەكانی نەلەرزاندوە.

جێگای سەرنجە كە حیزبی دێموكرات لەگەڵ بوونی ئەو دروشمە ستراتیژیكییەشدا هەرگیز لەوە غافڵ نەبووە كە بۆ خۆی بەشێكە لە بزووتنەوەی كوردو گەلی كورد لە ئێران بەشێكی نەتەوەی كوردەو خاكی كوردستانی ئێران بەشێك لە سەرزەویی بابو باپیرانی نەتەوەی كوردە. حیزبەكەمان بە تێگەیشتن لە هەموو ئەو ڕاستییانە هەوڵــی داوە هەموو كاتێك هەم لەگەڵ هێزە سیاسییەكانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموكراتی ئێرانو هەم لەگەڵ هێزە سیاسییە خەباتگێڕەكانی نێو بزووتنەوەی كورد باشترین پێوەندیی دۆستایەتیو هاوكاری دامەزرێنێ. بە مانایەكی دیكە حیزبی دێموكرات هەر لەو كاتەدا كە كوردستانی ئێرانی بە مەیدانی تێكۆشانی سیاسیی خۆی زانیوەو دەستی لە كاروباری هیچ بەشێكی دیكەی كوردستان وەرنەداوە، بە باوەڕەوە پشتی داخوازە ڕەواكانی بەشەكانی دیكەی كوردستانی گرتووەو هیچ دەرفەتێكی بۆ پشتیوانی لە خەباتگێڕانی ئەو بەشانە لەدەست نەداوە.

خەسڵەتی بەرچاوی دیكەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، پابەندبوون بە سەربەخۆیی سیاسیو سەربەخۆیی بڕیاردانە، حیزب بە ڕەواو تەنانەت بە پێویستی زانیوە لەگەڵ زۆر حیزبو ڕێكخراوو كۆڕو كۆمەڵو تەنانەت دەوڵەت لە ناوچەو جیهان دا پێوەندیی سیاسیو دیپلۆماسی دابمەزرێنێو لەسەر نوختەنەزەرو تەنانەت قازانجی هاوبەش هاوكارییان لەگەڵ بكا. بەڵام لە هیچ كاتو زەمانێكداو بە هیچ قیمەتێك وازی لە سەربەخۆیی سیاسیی خۆی نەهێناوەو ئەوەی بۆتە بناخەی ڕێبازو بڕیاری سیاسیی ئەم حیزبە تەنیاوتەنیا قازانجی گەلی كوردو بزووتنەوەی كورد لە ئێران دا بووە نە هیچ شتێكی دیكە. لێرەدا بە شانازییەوە دەكرێ بڵێین زۆرجار ڕێكەوتوە بۆ پاراستنی قازانجی ستراتیژیی بزووتنەوەی كورد، حیزبی دێموكرات وازی لە هێندێك دەسكەوتی كاتیی خۆی هێناوە. بەڵام ئەمە هیچ لەگەڵ ئەو سەربەخۆییە سیاسییە ناتەبا نیەو لە ڕاستیدا ئەمەشیان پاراستنی قازانجی درێژخایەنی حیزب بە قیمەتی چاوپۆشی لە دەسكەوتێكی كاتیو كورتخایەنە.

ئامادەیی بۆ دانی نرخی ئازادییەكی دیكە لە سروشتە بەرچاوەكانی حیزبی دێموكراتە. تێكۆشەرانی ئەم حیزبە ئاشقی ژیانن نە ئاشقی شەهیدبوون. بەڵام ئەو كاتە كە پێویستە لە پێناوی ژیانی سەربەرزانەی میللەتدا یەكێك چاو لە ژیانی تایبەتی بپۆشێ، خەباتگێڕانی دێموكرات لە گیانبازی سڵ ناكەنەوە. چاوێك لە كاروانی شەهیدانی ئەم حیزبە بكەن لە نێو دەیان هەزار دۆستو لایەنگری حیزب دا هەزاران ئەندامو سەدان كادری تێكۆشەرو دەیان ئەندامی ڕێبەریو لە سەرووی هەموویانەوە سەرقافڵەی شەهیدان قازیو سەرداری ناوداری وەك قاسملوو و تێكۆشەری كۆڵنەدەری وەك شەرەفكەندی دەبینن.

هەمووی ئەو خەسڵەتانەو زۆر سروشتی شۆڕشگێڕانەی دیكە جێگەو پێگەیەكی تایبەتییان بۆ حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران دروست كردوە. شەست ساڵە ئەم حیزبە ڕێنوێنو ڕێبەرو حیزبی خۆشەویستو جێگای هومێدی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی ئێرانە. هەم دوژمنو هەم نەیارانی حیزب زۆریان هەوڵ داوە لە نفووزی ئەم حیزبە كەم كەنەوە. بەڵام هەمووی ئەو هەوڵانە لەگەڵ ناكامی بەرەوڕوو بوون. دڵنیاشین تا وەختێك خەباتگێڕانی ئەو حیزبە بە پرنسیپەكانی وەفادار بن، حیزب هەروا جێمتمانەی زۆربەی زۆری خەڵكی كوردستان دەبێ.

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە نێو گەلانی ئێرانو ڕێكخراوە سیاسییە ئێرانییەكانو لە نێو خەڵكی بەشەكانی دیكەی كوردستانو حیزبە سیاسییەكانیانداو لە نێو كۆڕو كۆمەڵە سیاسییە ناوچەییو نێونەتەوەییەكانیشدا ئیعتیبارو ناوبانگێكی بەرچاوی هەیەو هەموویان وەك حیزبێكی بەرپرس، شۆڕشگێڕ، واقیعبینو بەپرنسیپی دەناسنو ڕێزی بۆ دادەنێن. بە ڕاشكاوی دەكرێ بڵێین كە حیزبی دێموكرات لە هەمووی ئەو بوارانەدا لە ریزی پێشەوەی هێزە سیاسییە ئێرانیو كوردستانییەكاندایە كە جێگای دڵخۆشیو شانازییە.

**جێگای سەرنجە كە حیزبی دێموكرات لەگەڵ بوونی ئەو دروشمە ستراتیژیكییەشدا هەرگیز لەوە غافڵ نەبووە كە بۆ خۆی بەشێكە لە بزووتنەوەی كوردو گەلی كورد لە ئێران بەشێكی نەتەوەی كوردەو خاكی كوردستانی ئێران بەشێك لە سەرزەویی بابو باپیرانی نەتەوەی كوردە**

### ئۆگرانی ئازادیو دێموكراسیو دادپەروەری!

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە هەلومەرجێكی تازەو هیوابەخش دا جێژنی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ كە لە ناوچەدا ئاڵوگۆڕی زەقو بەرچاو هاتوەتە ئاراوە. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئیبتكاری وڵاتەیەكگرتووەكانو پشتیوانیی وڵاتانی زلــهێز دروشمی پەرەپێدان بە دێموكراسی، لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ، گەشەی ئابووری، بەربەرەكانێ لەگەل ڕێژیمە دیكتاتۆرەكان، دابینكردنی مافی ژنانو بنبڕكردنی دیاردەی تیرۆریزمی بەرز كردۆتەوە. لە نێوخۆی ئێران دا هەموو پەردەكانی ڕیاو تەزویر لەسەر ڕووی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لاچوونو نێوەڕۆكی كۆنەپەرستانەی وەك هەیە كەوتوەتە بەرچاوی هەموان. كۆمەڵانی خەڵكی ئێران هەموو گومانێكیان لە بارەی گۆڕانی كۆماری ئیسلامی لە نێوخۆیدا وەلاناوەو بێپەردە لە فكری ئەوەدان حكوومەتێكی گەلیو دێموكرات لە جێگای كۆماری ئیسلامی دابمەزرێنن. خەڵكی كوردستان كە بە خۆشییەوە هیچ وەخت بەرامبەر بە ڕێژیمی فەرمانڕەوا تووشی گومان نەبوونو لە سەرەتای دامەزرانییەوە خەتی خۆیان لــێجیاكردۆتەوە، بە ڕاپەڕینێكی پڕشكۆوە بە پێشوازی جێژنی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبە خۆشەویستەكەیانەوە چوون. ئەوە پێنج حەوتوویە كوردستانی ئێران بۆتە مەیدانی بەربەرەكانێی ڕووناكیو تاریكی، هەقو ناهەق، ئازادیخوازیو دیكتاتۆریو گەلو دوژمنانی گەل. ئەم پێنج حەوتووە كوردی ئێران ڕێزو خۆشەویستیی هەموو ئۆگرانی ئازادیو دادپەروەرییان بۆ لای خۆیان ڕاكێشاوەو دنیایان بەرامبەر بەوەی لە ئێرانو بەتایبەتی لە كوردستاندا دەگوزەرێ وەخەبەر هێناوە.

بزووتنەوەی كورد لە هەموو بەشەكانی كوردستان هەنگاوی گەورەی بەرەو ناساندنی داخوازە ڕەواكانی بە دنیا هەڵهێناوەتەوە، لە توركیەو سووریە كە هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر ناوبردن لە كوردو بزووتنەوەی كورد بە تاوان دادەنرا، دەسەڵاتبەدەستان ناچار بوون هەرنەبێ واقیعییەتی بوونی كوردو بزووتنەوەی هەقخوازانەكەی قبووڵ بكەن. لە عێراق بزووتنەوەی كورد لە ئاكامی دەیان ساڵ خەباتو قوربانیدانو كەڵكی زیرەكانەو بەوەختی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی كورد لە هەلومەرجی دوای شەڕی خەلیجو ڕووخانی ڕێژیمی سەددام حسێن، بۆتە یەكێك لە پارامێترە كارسازەكانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق كە لە ڕادەی ناوچەییو نێونەتەوەییش دا حیسابی تایبەتیی لەسەر دەكرێو بەرەو ئەوە دەچێ كە ئەو مافو ئازادییانەی لە دە پازدە ساڵــی ڕابرووودا بۆ كوردی ئەو بەشەی كوردستان وەدەست هاتوون بە یەكجاری بچەسپێنێو لە قانوونی بنچینەیی وڵاتو كۆڕو كۆمەڵە نێونەتەوەییەكان دا بەڕەسمیی بناسێنێ.

لە دەوروبەرمان دیكتاتۆرییەكان یان ڕووخاون یان ڕۆژانی تەمەنیان كەوتوونە ژمێرە. شنەبای ئازادی كە لەمێژە هەڵــی كردوە خەریكە دەبێتە گەردەلوولێك كە تەختو بەختی هەموو زۆرداران لەگەڵ خۆی ڕادەماڵــێ. لەو هەلومەرجەدا ڕێژیمە كۆنو كۆنەپەرستەكان بە پشتیوانی لە دیاردەی دزێوو بەدناوی تیرۆرو یارمەتیدانی تیرۆریزمی جیهانی، دەیانەوێ چەند ڕۆژێك تەمەنی دەسەڵاتی پڕتاوانو پڕشوورەیی خۆیان درێژ كەنەوە. دیارە لەوحاڵەدا لەسەر هەموو هێزە سیاسییە پێشكەوتووەكانە كە سەنگەری شیاوی خۆیان سەنگەری بەرنگاربوونەوەی تیرۆرو تیرۆریستو تیرۆریستپەروەران بە هێز بكەن تا دواشانسی مانەوە لە دەسەڵاتە دژیگەلییەكانو یەك لەوان كۆماری ئیسلامی بستێنن.

### هاونیشتمانە بەڕێزەكان!

ئێمە زۆر باش دەزانین كە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانو سەرانسەری ئێران چ چاوەڕوانییەكیان لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هەیەو لە هەلومەرجی ئێستادا ئەم حیزبە چ ئەركێكی قورسو گرنگی دەكەوێتە سەرشان. باش ئاگادارین كە هەلومەرجی نێوخۆییو ناوچەییو نێونەتەوەیی هەرچەندیش ئامادە بێ، هەموو گەلێكو هەموو بزووتنەوەیەكو هەموو هێزێكی سیاسی هەر بەو ئەندازەیە دەتوانێ دەسكەوتی لــێوەربگرێ كە لە هەوڵــی گۆڕانو گۆڕین دا جێپەنجەی خۆی دادەنێ. هەربۆیە كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە بۆنەی پیرۆزی شێستەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزب دا بەڵێن بە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دەدا كە:

- بە هەموو تواناییەوە بۆ پتەوتركردنی ریزەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران تێبكۆشێ، هەلومەرجێكی لەبارتر ئامادە بكا كە ئەم حیزبە لە هەموو زەرفییەتو ئیمكاناتی خۆیو لە توانای یەك بە یەكی تێكۆشەرانی كەڵك وەربگرێ. ئەمە گەورەترین زامنی بەرەوپێشچوونی حیزبەكەمانو تەنیا ڕێگای بەشداربوونی كاریگەر لەو ڕەوتە شانازی خولقێنە دایە كە لە وڵاتەكەمانو ناوچەكەمان دەستی پێكردوەو چاوەڕوانی گەشەسەندنی لــێدەكرێ.

- پێوەندی لەگەڵ كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانو ئەو ڕاپەڕینە پڕشكۆیە كە چەند حەوتوویە دەستی پێكردوە پتەوتر بكا. چەندی بكرێ زیاتر لێی نزیك بێ، تەئسیری لــێبكاو تەئسیری لــێوەرگرێ. دەبێ كارێك بكرێ وەك زۆر دەرفەتی دیكەی مێژووی گەلی كورد، لێك جیاكردنەوەی حیزبی دێموكراتو خەڵكی كوردستان بۆ دۆستو دوژمن كارێكی دژوار بێ.

- چەندی بكرێ هاوكاریمان لەگەڵ هێزە سیاسییەكانی گۆڕەپانی خەباتی كوردستانی ئێران پتەوتر بكەینو لەسەر لانیكەمی بەرنامەیەكی هاوبەش بۆ خەبات لە پێناوی ڕووخاندنی ڕێژیم داو بۆ نەخشەكێشانی ڕۆژانی دوای گۆڕانی ڕێژیم ڕێك بكەوین. نابێ ڕێگا بدەین دوودەستەییو دووبەرەكی لە نێوان هێزە سیاسییەكان دا ببێتە كەلێنێك كە دوژمنانی ئازادی پێیدا بێنە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەو بنكۆڵــی بكەن.

**ئامادەیی بۆ دانی نرخی ئازادییەكی دیكە لە سروشتە بەرچاوەكانی حیزبی دێموكراتە. تێكۆشەرانی ئەم حیزبە ئاشقی ژیانن نە ئاشقی شەهیدبوون. بەڵام ئەو كاتە كە پێویستە لە پێناوی ژیانی سەربەرزانەی میللەتدا یەكێك چاو لە ژیانی تایبەتی بپۆشێ، خەباتگێڕانی دێموكرات لە گیانبازی سڵ ناكەنەوە**

- هەر لەو كاتەدا هەوڵ بدەین پێوەندیی هاوكاریو هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوەكانی ئێرانو هێزە سەرتاسەرییەكانی ئێران دا بەهێز بكەین. بەرنامەی هاوبەش بۆ خەباتو هەنگاورێكخستن (هماهنگی) لە نێوان بەشەكانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵكی ئێران دا دابنێینو خەتە گشتییەكانی سیستمی حكوومەتی دوای ڕووخانی چاوەڕوانكراوی كۆماری ئیسلامی نەخشە بكێشین. لەو بارەوە بەهێزو بەرینتركردنەوەی كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فیدراڵ گرینگییەكی تایبەتی پێبدرێ.

- پێوەندییەكانمان لەگەڵ لایەنەكانی بەشداری بزووتنەوەی كورد پتەوتر بكەین، بەتایبەتی پشتی بزووتنەوەی پڕسەروەریی كوردستانی عێراق بگرینو لە ئەزموونە بەنرخو سەركەوتووەكەی دەرس وەرگرین. ئاشكرایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی كورد هەرچەندیش بەش بەشو لێك پچڕاو بێ، خاڵــی هاوبەشو قازانجی هاوبەشی زۆرنو دەبێ لە هەموویان كەڵكی پێویست وەربگیرێ.

- سەرەنجام پێوەندییە سیاسیو دیپلۆماسییەكانمان لەگەڵ دەرەوە چەندی بكرێ بەربڵاوتر بكەین. هەوڵ بدەین دەنگی هەقخوازیی گەلی كوردو هەموو گەلانی ئێران بە دنیا ڕابگەیەنینو چەندی بكرێ دۆستو پشتیوانییان بۆ پەیدا بكەین. ئێمە دەبێ جێگای خۆمان لە هاوسەنگییە نێونەتەوەییەكان دا بە ڕوونی دیاری بكەینو بە دنیای نیشان بدەین. جێگای ئێمە لە سەرنگەری خەبات بۆ ئازادیو یەكسانیو بەربەرەكانی بە دژی زۆرداریو كۆنەپەرستیو تیرۆریزم دایەو دەبێ نەخشی بەرچاومان لەو مەیدانەدا هەبێ تا دەسكەوتی بەرچاو بۆ گەلەكەمان مسۆگەر بكەین.

سلاو لە یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

سلاو لە گیانی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموكراتی كوردستان

سلاو بۆ گیانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریو لە پێشەوەیان قازی، قاسملوو و شەرەفكەندی

سلاو لە زیندانییانی سیاسی

سلاو لە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان

بڕووخێ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی

**بژی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**

**كومیتەی ناوەندیی**
**حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**

١٣٨٤/٥/٢٥ (٢٠٠٥/٨/١٦)

# بڕووخــێ ڕێژیمــی كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامیی ئـــێران




یەکەم
ـ ئاسۆ محەممەدزادە ٥٠ کیلۆگرەم، پلەی یەکەم

**لە ئاستی لاوان دا:**

ـ محەممەد تجارە، ٥٧ کیلۆگرەم، پلەی یەکەم
ـ خەبات هووشەنگی، ٦٢ کیلۆگرەم، پلەی یەکەم
ـ ئومێد ئەسغەران، ٦٨ کیلۆگرەم، پلەی یەکەم
ـ ئیقباڵ ساڵحپوور، ٧٤ کیلۆگرەم، پلەی یەکەم
ـ محەممەد کۆکە، ٨٢ کیلۆگرەم، پلەی یەکەم
ـ رەحمەت رەنجبەر، ٩٠ کیلۆگرەم، پلەی یەکەم
ـ کامیار شەریف پەنا، ٩٦ کیلۆگرەم، پلەی یەکەم
ـ ئارام کۆنەپۆشی، ٦٨، کیلۆگرەم، پلەی دووهەم
ـ سمایل محەممەدی، ٧٤ کیلۆگرەم، پلەی دووهەم

شیاوی باسە راهێنەری ئەم تیپە کاک کەماڵ ئیبراهیمی بووەو یارییەکانیش لە ژێرچاوەدێری لێژنەی ناوبژیوانان کە بریتی بوون لە کاک کارۆ رەسوولی، کاک کامران فاتحی، کاک هێرش ئەمجەدی بەڕێوەچوون.

٢ـ رێکەوتی ١٧ی گەلاوێژ کێبەرکێی شەترەنج بەڕێوە چوو کە ئاکامەکانی بەم شێوەیە بوو:

شەهریار ئەمین پوور پلەی یەکەم
عەولاّ ئەسپووردە پلەی دووهەم
شاکر مەولایی پلەی سێهەم

٣ـ رێکەوتی ١٨ی گەلاوێژ هەیئەتی بەرێوەبەریی یانەی کۆمار پێشبرکێیەکی راکردنی سورعەت‌و ئیستیقامەتی لە نێوان ژمارەیەك لە وەرزشوانانی بواری راکردن بەڕێوە برد کە ئاکامەکانی بەم شێوەیە بوو:

**راکردنی ئیستیقامەتی ٦ کیلۆمیتر:**

ـ رەحیم ئەحمەدیپوور پلەی یەکەم
ـ فەریبورز ئەحمەدی پلەی دووهەم
ـ عەدنان مەحموودی پلەی سێهەم
ـ ناسر مەولایی پلەی چوارەم
ـ زاگروس مینبەری پلەی پێنجەم

**راکردنی سورعەت:**

**١٠٠ میتر**

هێژا نەعمانی پلەی یەکەم
دارا رۆستەمی پلەی دووهەم
رەشاد مینبەری پلەی سێهەم

**٢٠٠ میتر**

هێژا نەعمانی پلەی یەکەم
فەرەیدوون قادری پلەی دووهەم
عوسمان یاری پلەی سێهەم

لە کۆتایی ئەم کێبەرکێیەدا رێکۆردی رەحیم ئەحمەدیپور بە باشترین رێکۆرد لە قەڵەم درا چونکە ١ خولەك‌و ٤ چرکەی لەگەڵ رێکۆری عێراق لە ٦ کیلۆمیتردا جیاوازی هەیە.

٣- بەڕێوەچوونی جامێکی تۆپی پێ:

ئەم جامە کە بۆ پشتیوانی کردن لە خەڵکی راپەڕیوی شارەکانی کوردستان ناوی "راپەڕین"ی لێنرابوو لە رێکەوتی ٨٤/٥/٩وە دەستی پێ کرد و لەودا ٦ تیپ بەشدار بوون کی ناوەکانیان بەم شێوەیە: ١- ناوەندی ١ی کوردستان ٢- ناوەندی ٢ی کوردستان ٣- ناوەندی ٣ی کوردستان ٤- هێزی پارێزگاری ٥- پەزیرش ٦- لاوانی ئازادی

لە ئاکامی یارییەکانی نێوان ئەو ٦ تیپەدا لە قۆناخی کۆتاییدا تیپەکانی ناوەندی ٣ی کوردستان، ناوەندی ٢ی کوردستان و هێزی پارێزگاری بە شوێن یەك دا پلەکانی یەکەم تا سێهەمیان وەدەست هێنا.

لە کۆتایی ئەم جامەدا، دەستەی بەڕێوەبەریی جامی راپەڕین ئەم خەڵاتانەی خوارەوەی بەخشین:

١- خەڵاتی بەئەخلاقترین یاریزان بە زەینۆ کوردستانی (ناوەندی ٣ی کوردستان)
٢- خەڵاتی باشترین یاریزانی تیکنیکی بە محەممەدی (ناوەندی ٢یکوردستان)
٣- خەڵاتی خاوەنی زۆرترین گۆڵ بە ئاوات ئیزەدپەنا (ناوەندی ٢ی کوردستان)
٤- خەڵاتی باشترین یاریزانی ساڵی حزیب بە سەلاح نادری

### راگەیێندراوی هاوبەش

# کوشتاری خەلکی مەدەنی لەکوردستان مەحکوم دەکەین

کۆرو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان!
لایەنگرانی مافی مرۆڤ !
ئازادی خوازانی جیهان !

رێکەوتی ١٨ی پوشپەری ئەم ساڵ بە دوای کوشتنی لاوێکی خەلکی شاری مهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەسترانی تەرمەکەی لە ماشێنێك و گێڕانی بە نێوشاری مهاباد دا، خەلکی شاری مهاباد وەکوو هەمیشە سەبارەت بەم کردارە دژە دێمۆکراتیکە هاتنە سەر شەقامەکان و بە شێوازێکی ئارام و مەدەنی ئەم تاوانەی هێزە چەکدارەکانی رژیمی ئێرانیان مەحکوم کرد و خوازیاری دادگایی کردنی پێك هێنەرانی روداوەکە بوون.

بەداخەوە کاربەدەستانی رێژیم وەلامی داخوازە رەواو دێمۆکراتیکەکانی خەڵکیان نەدایەوەو رێپێوانی هێمنانە و ئارامی خەڵکیان وەکوو هەمیشە بە هێرشی توندوتیژانە دایەوەو دەستیان دایە بەرێوەبردنی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ و لەم بەستێنەدا دەیان و بگرە سەدان کەسیان بریندار کرد و رەوانەی بەندیخانە کرد.

کۆمەلانی خەلکی کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بۆ پشتگیری لە ویست و داخوازەکانی خەلکی شاری مهاباد هاتنە مەیدان و هەمان داخواز و داوایان هێنایە گۆرێ و، سیاسەتی کوشتار و سەرکوتیان مەحکوم کرد.

جێگای سەرنج و بایەخە کە حەرەکەتە ئێعترازیەکانی خەلکی کوردستان هاوکات بوو لە گەل شازدەهەمین سالڕۆژی تیرۆری رێبەری گەورە و ناوداری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و سکرتێری پێشوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دوکتور قاسملو، هەر بۆیە جەماوەری راپەریوی کورد ئەم دەرفەتەیان قۆستەوەو دژ بە مەحمود ئەحمەی نژاد سەرۆك کۆماری تازەی ئێران، کە یەکێك لە بکوژانی و بەرێوەبەرانی تیرۆری رێبەرانی کوردەکانە، هەلوێستیان گرت و جارێکی دیکەش سیاسەتی تیرۆر و توقاندنیان مەحکوم کرد.

ئێمە کە ئەم راگەیێندراوە هاوبەشەمان بلاوکردۆتەوە ، وێرای دەربرینی پشتیوانی خۆمان لە جەماوەری راپەریوی رۆژهەڵاتی کوردستان و داخوازیەکانیان ، سیاسەتی توندوتیژانەی هێزە چەکدارەکانی دەولەتی ئێران مەحکوم دەکەین و، هاوکات ئاگادارتان دەکەینەوە کە تاکوو نوسینی ئەم راگەیێندراوە بە دەیان کەس کوژراون و سەدان کەس بریندار بوون و بە هەزارانیش راپێچی بەندیخانەکان کراون و لە چارەنوسیان هەوالێك لە دەست دا نیە و بارودۆخی کوردستان بە تەواوی نائاسایی.

ئێمە خوازیارین کە باری نائاسایی و چەکداری زال بەسەر کوردستان دا کۆتایی بێت و، بریندارەکان دەرمان بکرێن و، بەندکراوە سیاسی‌یەکان ئازاد بکرێن و بکۆژانی رۆلەکانی خەلکی کوردستان و بەرێوەبەرانی سیاسەتی سەرکوت و قەلاچۆ دادگایی بکرێن و لە هەمان حالدا چاوەڕوانین کە زەخت و گوشار بخەنە سەر دەولەتی ئێران کە دەست بەرداری ئەم سیاسەتە دژە مەدەنی و دێمۆکراتیکانە بێت و رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و مافی سیاسی کوردەکان دابین بکات و لە پاڵ ئەوەدا زەرەر و زیانەکانی خەلك قەرەبوو بکاتەوە.

١. ناوەندی دوکتور قاسملو بۆ ئاشتی
٢. یەکیەتی لاوانی کورد لە سوئێد
٣. ناوەندی یەکیەتی کوردان لە سوئێد
٤. کۆمەلەی خوێندکارانی کوردستان لە سوئێد
٥. کۆمەلەی دۆستانی کەرکوك لە سوئێد
٦. یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد
٧. یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئوروپا
٨. تەڤگەرا جوانن ئازادە کوردستان لە سوئێد
٩. یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد
١٠. یەکیەتی لاوانی کۆمەلە لە سوئێد

٢٠٠٥ ٠٨ ١١
ستوکهۆلم

# راگەیاندراوی خەبەری

١) رۆژی ٨٤/٥/١٦ لە گەرەکی کەڵەکەجاڕ لە شاری سنە لاوێکی تەمەن ٢٢ساڵە بە ناوی "زانیار علی نژاد" کوڕی "محی الدین" بەدەست هێزە ئینتیزامیەکان کوژراو لاوێکی دیکەش بریندار بوو.

٢) لە سەرجەمی ئەو کۆمەڵە کەسە لە شاری جوانڕۆ بە تاوانی بەشداریی لە خۆپێشاندانەکان دا گیراون و سەر لە دەیان کەس دەدەن، ١٢ کەسیان بە تاوانی رێبەری کردنی ئەو خۆپێشاندانانە پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر بۆ شوێنێکی نادیار گۆزراونەتەوەو لە چارەنووسیان هەواڵێك لە دەست دا نیە.

٣) ئەو کەسانە کە لە جەرەیانی خۆپێشاندانەکانی سنەدا گیراون زیاتر لە ٢٠٠ کەس بوون کە ١٨٠ کەسیان لە لایەن دادگوستەری یەوە بۆ هەرکام وەسیقەی ٢٠میلیۆن تمەن دانراوە.

٤) رۆژی ٨٤/٥/١٧ هێشتا حکوومەت نیزامی لە شاری کامیاران دا بەرەوامەو ئیجازە نادەن زیاتر لە ٢ کەس پێکەوە راوەستن. لە سەر هەموو کووچەو کۆڵانەکان مەئموورانی گاردی ویژە دامەزراون.

٥) بە پێی هەواڵ شاری سەرپێڵی زەهاو ئاڵۆزەو هێزەکانی رێژیم لە حاڵی ئامادەباش دان.

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٨٤/٥/١٧

# رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی داوای لێکۆڵینەوە لەسەر کوژراوانی خۆپیشاندانەکانی کوردستان دەکات

و: رەشید حەیدەری
٥ی مانگی ژوئیەی ٢٠٠٥

ئەوڕۆ رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دوایی‌یەی پارێزگای کوردستان‌و ناوچە کوردی‌یەکانی دەوروبەری، کە بەگوێرەی هەواڵەکان ٢٠ کوژراوو سەدان برینداری لێکەوتووەتەوە، نیگەرانیی خۆی نیشاندا. گومانی ئەوەش دەکرێت کە بە سەدان کەسی دیکە، کە لەنێویاندا پارێزەران‌و تێکۆشەرانی ناسراوی کوردی بواری مافەکانی مرۆڤ هەن، دەسگیرکرابن.

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی داوا لە حکوومەتی ئێران دەکات بەبێ‌دواکەوتن لەسەر ئەم راپۆرتانە لێکۆڵینەوەی خێرا، بێلایەنانەو سەربەخۆ ئەنجامبدات. شێوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەبێ ئاشکرابکرێن. ئەو کاربەدەستانەی کە گومانی ئەوەیان لێ‌دەکرێت کە دەستیان لە پێشێلکاری‌یەکانی مافی مرۆڤدا هەبووە، وەك کوشتنی نایاسایی، ئیعدامی بێ‌دادگا، دەبێ بهێنرێنە بەردەم دادگایەکی عادڵانەو دادگایی بکرێن.

لەنێو گیراوانی نائارامی‌یەکاندا پارێزەران‌و تێکۆشەرانی ناسراوی بواری مافەکانی مرۆڤ دەبینرێن. خانمی روئیا تلووعی لە دووەمی مانگی ئووتدا لە ماڵەکەی خۆی لەسەنەندەج (سنە) گیرا. بەپێی قسەی مێردەکەی خاتوو تلووعی، کە نەیانهێشتووە چاوی پێی بکەوێ، ناوبراو بەتاوانی "تێك دانی ئاساییش" و "هەنگاونان لە دژی ئاساییشی نەتەوەیی" گیراوە. هەروەها ئازاد زەمانی، ئەندامی کۆمەڵەی دیفاع لە مافی منداڵان (کانون دفاع از حقوق کودکان) لە سنە دەسگیرکراوە. جەلال قەوامی، رۆژنامەنووس‌و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پیام مردم)، پاش ئەوەی هێزەکانی ئاساییشی ئێران رژانە نێو ماڵەکەی، لە شوێنی کارەکەی دەسگیرکراوە. مەحموود ساڵحی، وتەبێژی کومیتەی رێکخراوەیی دامەزراندنی یەکێتی‌یە بازرگانی‌یەکان، لە سەرەتاکانی رۆژی ٤ی ئووت دەسگیرکرا. هەروەها هێزەکانی ئاساییش دوو رۆژنامەی کوردی‌یان داخستووە.

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی داوا لە کاربەدەستانی ئێران دەکات بەپەلە ناوی هەموو ئەو کەسانەی دەسگیرکراون، شوێنی ئێستای دەستبەسەربوونیان، هۆکاری گرتنیان و وردەکاریی ئەو تاوانانەی دراوەتە پاڵیان بخاتەڕوو.

هەموو گیراوان دەبێ بەشێوەیەکی ئینسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت‌و دەرگای گرتنی پارێزەرو دەست راگەییشتن بە بنەماڵەو هەر چەشنە داوودەرمانێکی پێویستیان بۆ ئاواڵەبکرێت. هەر کەسێك کە تاوانێکی دیاری لەسەر نییە دەبێ بەپەلەو بەبێ مەرج ئازادبکرێت.

دوای ئەو هەواڵانەی کە باس لەوە دەکەن کە حکوومەتی ئێران بەپشتیوانیی هلیکۆپتەری شەڕکەر ئەورۆ ژمارەیەکی زۆر سەربازی خزاندووەتە ناوچەکەوە، رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی داوا لە کاربەدەستانی ئێران دەکات گارەنتیی ئەوە بکەن کە هێزەکانی ئاساییشی ئەوان لە جێبەجێ‌کردنی یاسادا پێوەرە نێودەوڵەتی‌یەکان رەچاوبکەن. بەتایبەت دەبێ لە مافی ژیان، مافی دەربازبوون لە ئەشکەنجەو رەفتاری خراپ‌و مافی قوتاربوون لە گرتنی سەرەڕۆیانەو دەرەوەی یاسا رێزدابنێن‌و ئەو مافانە بپارێزن.

پێشینە

نائارامی‌یەکان، لەسەرەتای مانگی ژووئیە لە شاری مەهاباد دوای کوشتنی تێکۆشەری کورد، شوانە قادری، ناسراو بە سەید کەماڵ ئاستەم و دوو کوردی دیکە لە ٩ی ژوئیە لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەستی‌پێکرد. ئەوان لە هەلومەرجێکدا کوژران کە چاوەڕوانی مەترسیی راستەوخۆیان لێ‌نەدەکرا. بەگوێرەی هەواڵەکان، هێزەکانی ئاساییش دواتر تەرمی شوانە قادری بە ئوتومبیلێکی تویوتاوە دەبەستنەوەو بە شەقامەکاندا رایدەکێشن. باسی ئەوە هەیە کە کاربەدەستانی ئێرانی لە ناوچە دانیان‌پێداناوە کە لەو کاتەدا کەسێك بەم ناوە "کە هەڵاتبوو و دادگا داوای‌دەکرد" لەبەر ئەوەی نەیویستووە خۆبەدەستەوەبدات، لەلایەن هێزەکانی ئاساییشەوە تەقەی‌لێکراوەو کوژراوە.

لەماوەی چەند رۆژی دوای مەرگی شوانە قادری، چەندین هەزار کەس لە دانیشتوانی مەهاباد، کە بەشی زۆریان لاوان بوون، بۆ مەحکوومکردنی ئەو کوشتنانە، رژانە نێو شەقامەکان. لەو کاتەوە خۆپیشاندان لە شارەکانی سنە، مەهاباد، سەردەشت، پیرانشار، شنۆ، بانە، بۆکان‌و سەقز سەری‌هەڵداوە. میدیای دەوڵەتیی ئێران نائارامی‌یەکانی سێ حەوتووی رابردوویان تەئیدکردووەو راپۆرتیان لەسەر بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بە کەسانی تاوانبارو بەرەڵڵایانەوە نیسبەت‌داوە.

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە نامەیەکدا کە لە ٢٢ی ژوئیە بۆ وەزیری ناوخۆی ئێران، عەبدولواحید مووسەوی‌لاری نووسیبووی، داوای روونکردنەوەی لەسەر چۆنیەتیی کوشتنی شوانە قادری‌و گیرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەهاباد‌و ناوچەکانی دەوروبەری لە رۆژانی دوای کوشتنی ناوبراودا کردبوو. رێکخراوەکە هەروەها نیگەرانیی خۆی لەوە دەربڕیبوو کە لەوانەیە کوشتنەکە بەئەنقەست ئەنجامدرابێت‌و لەوانەشە ئەوانەی گیرابوون نەتوانن دەستیان بە بنەماڵەو پارێزەری سەربەخۆی دیاریکراوی خۆیان رابگات‌و لەوانەیە لەگەڵ مەترسیی ئەشکەنجەو رەفتاری خراپ بەرەڕوو ببنەوە.

کوردەکان یەکێکن لە گرووپە کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یە زۆرەکانی ئێران‌و نزیکەی ١٠٪ی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێكدێنن. کوردەکان بەزۆری لە پارێزگای کوردستان‌و پارێزگاکانی دەوروبەری، کە لەگەڵ عیراق‌و تورکیەدا هاوسنوورن، دەژین. نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکدا کە حەوتووی پێش بڵاوکرایەوە رایگەیاند کە دەسەڵاتدارانی ئێران کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و مەزهەبی‌یەکانی ئەم وڵاتەیان لە خزمەتگوزاری‌یە سەرەتایی‌یەکانیان بێبەش‌کردووە.

# نامەی ڕێبەری حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە

نۆرویژ پێویستە دژکردەوە بەرامبەر بە سەرکوت و چەوسانەوەی کوردەکانی ئێران لە خۆی نیشان بدا!

بەڕێز وەزیری کاروباری دەرەوە، ئاغای یان پێتەرشون!

ڕێژیمی ئێران هێرش و پەلامارێکی بەرین و بەربڵاوی بە دژی گەلی کورد لەو وڵاتەدا دەست پێکردوە. لە خۆپێشاندانێکی خەڵك بە دژی سەرۆك کۆماری تازەهەڵبژێردراودا، لاوێکی کورد بەناوی شوانە قادری لە ڕۆژی ٩ی ژوئیيە لە شاری مهاباد کووژرا، کە شاهیدانی عەینی دەڵێن بێ ئاگادار کردنەوە وەبەردەسڕێژ دراوە. لەوەش زیاتر ناوبراو بەزیندوویی بە دوای ماشێنێکی نیزامیدا ڕاکێشراوە تا گیانی لەدەست داوە. پاش ئەو قەتڵە، خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین و نائارامی زۆربەی شارە گەورەکانی کوردستانی ئێرانی وەك شارەکانی مهاباد، بۆکان، سەقز، سنە، سەردەشت، مەریوان، شنۆ، بانە، دیواندەرە، بناو، ورمێ، میاندواو و پیرانشار و... گرتۆتەوە.

هێزە ئینتیزامی‌یەکان پەلاماری خۆپێشاندەرانیان داوەو تەنانەت بە هلیکۆپتێر لە ئاسمانەوە خەڵکیان داوەتە بەر دەسڕێژ. تەنیا هەر لە شاری سەقز ١٣ کەس، لە شاری شنۆ ٤ کەس کووژراون. لە سنە ٤٠٠ کەس گیراون، لە بۆکان مێرمنداڵێکی ١٣ ساڵە لە نێو ئەو کەسانە دایە کە بۆ زیندان ڕەپێچەك دراون. بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی دەگەن، ئەوانەی لە مهاباد گیراون، شکەنجە کراون. جیا لەوە وەك هێرشێکی سەرتاسەری بۆ سەر کوردان چەند ڕۆژنامەی کوردییش داخراون.

خەڵکی کوردستان وەك دژکردەوە بەرامبەر بەو پەلامارانەی دەوڵەت ڕۆژی ٧ی ئۆگست مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەری‌یان بەڕێوە برد.

لەو پێوەندی‌یەدا من داوا لە وەزیری دەرەوە دەکەم کە ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە هەڵوێستی دەوڵەتی نورویژو لە پێوەندی لەگەل سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە کوردەکانی ئەو وڵاتە ڕابگەیەنێ. حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ (SV) داوا دەکا نۆرویژ بەڕەسمی و بە ئاشکرا ناڕەزایەتی و بێزاری بەرامبەر بەو سەرکوت و زەبرو زەنگەی کاربەدەستانی ئێران دژ بە کوردەکان دەربڕێ.

هەروەها داوا دەکەم کە UDI و UNE لە پراکسیسی کاری خۆیاندا ئەو کوردانە نەنێرنەوە کە بۆ هۆی تێکۆشانی سیاسی‌یان لەو ناوچەیەدا کەوتوونە بەر ڕاوەدوونان.

کریستین هالۆرسن Kristin Halvorsen
ڕێبەری حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ Leder, Sosialistisk Venstreparti

# حیزبی دیمۆکرات،

# چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی

رامبود لوتفیپووری

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە پێ لەسەر دوو بابەتی گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتی داگرت و وەك ئامانج و مەبەستی سەرکیی خەبات، کردنی بە تەوەری جۆڵانەوەوە و چالاکییەکانی.

**ئەم بابەتانە بریتین لە سەقامگیرکردنی دیمۆکراسی و چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی**

**سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی:**

دێموکراسی وەك سیستمێکی سیاسیو ژیانی کۆمەڵایەتی، خاوەنی مێژوویەکی کۆنە و هەر لە سەدەی ٥ی (پ.ز) لە دەوڵەت شارەکانی یونان و بەتایبەت ئاتێنەوە سەری هەڵداوە و بە درێژایی تەمەنی بۆتە هەوێنی هەڵگیرسانی دەیان و سەدان شۆرش و پێکهێنانی سەدان سیستمی سیاسی و بەرێوەبەری. ئەگەرچی مەبەستی سەرەکیی دیمۆکراسی بەشداریی خەڵکە لە دەسەڵات و حکوومەتی خەڵك بەسەر خەڵك دایە. بەڵام، گەلێك خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە و تەنانەت زۆر جاریش کەوتۆتە بەر شەپۆلی هێرشی دوژمنانی ئازادی و کۆمەڵگای کراوەی مرۆیی، قوتابخانەی مارکسیزم و بیرۆکە دینییەکان، سەرەکیترین دژەکانی دیمۆکراسیی راستەقینەنو بە هێنانە ئارای هەندێك چەمکی وەك دیمۆکراسیی جەماوەری (خەڵکی) و دیمۆکراسیی دینی، بەردەوام لە هەوڵی چەواشەکردن و بێ نیوەرۆك کردنیدا بوونە. دوژمنانی دیمۆکراسی هەوڵیان داوە ئەم بەرگەزێرینە بە بەر ئایدۆلۆژییە توتالیتێرییەکانیاندا بکەن و چۆڵەکە بە نرخی کەناری بفرۆشن، بەڵام پڕ دیارە کە مەبەست لە دیمۆکراسیی جەماوەری و دیمۆکراسیی دینی، هەمان دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاو ئۆتوکراسیی دینییە. لە بۆچوونی ئەواندا دیمۆکراسی بەرهەمهێنەری دەسەلاتی بورژوازی یا دەسەڵاتی تاغووتە. ئەم شێوە بیرکردنەوە بەتایبەت لە سەدەی بیستەم دا باڵی بەسەر کەش و هەوای رووناکبیری و شۆرشەکانی ئەو سەردەمەدا کێشابوو، بە چەشنێك کە زۆربەی شۆرشگێرانی نەتەوە و چینە چەوساوەکان دەکەوتنە بەرەی دژە دیمۆکراسی یەوە و هەر بیریار و رێکخراوێکی شۆرشگێڕ باسی ئەم چەشنە دیمۆکراسی یەی کردبا بە بورژوا و نۆکەری ئیمپریالیزم لە قەڵەم دەدرا. لە کەشوهەوایەکی ئەوتۆ و لەژێر هێژمۆنیی وەها بیرکردنەوەیەکدا، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە پێچەوانەی گوتاری زاڵی سەردەم بە راست بینییەکی سەرچاوەگرتوو لە تێگەیشتنی وردی سیاسیی رێبەرانی باسی دیمۆکراتیزاسیون و سەقامگیرکردنی سیستمی دیمۆکراتیکی هێنایە گۆڕێ.

بڕوای حیزبی دیموکرات پێویستی بە ساوکە بوونی (سەقامگیربوونی) دێموکراسی لە ئاستێك دایە کە رێبەری شەهید دوکتور قاسملووی نەمر دەڵێ: "خرابترین دیمۆکراسی لە باشترین دیکتاتوری چاکترە."

گرینگیی ئەم بۆچوونە لە کاتێکی وەك ئەمرۆدا دەردەکەوێ کە دێموکراسی بۆتە گوتاری زاڵ و شەپۆلی دیمۆکراتیزاسیۆنیش وەك پرۆژەیەکی گشتگیر، جیهانی گرتۆتەوە بە شێوەیەك کە یاوی (تەب) دیمۆکراسی تەنانەت پارت و رێکخراوە بەناو پێشەنگ!! و دژە ئیمپریالیزمەکانیشی گرتۆتەوە و چوار ئەسپە بەرەو دیمۆکراسی و دوور کەوتنەوە لە دروشم و سیاسەتە دژی ئیمپریالیستیەکانی پێشوویان لە غار دان. ئەورۆ کە دیمۆکراسی بۆتە فانووسی رزگاری بۆ گەیشتن بەکەناری بەختەوەری و ئازادی، دەردەکەوێ کە ئەوکاتیش حیزبی دیمۆکرات نەك هەر نۆکەری ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست نەبووە بەڵکوو راست بە پێچەوانەوە دووربینترین و پێشکەوتنخوازترین هێزی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بووە.

**ئەورۆ کە دیمۆکراسی بۆتە فانووسی رزگاری بۆ گەیشتن بەکەناری بەختەوەریو ئازادی، دەردەکەوێ کە ئەوکاتیش حیزبی دیمۆکرات نەك هەر نۆکەری ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست نەبووە بەڵکوو راست بە پێچەوانەوە دووربینترین و پێشکەوتنخوازترین هێزی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بووە**

**چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی:**

یەکێکی دیکە لەو بابەتانە کە حیزبی دیمۆکرات وەك سەرەکی ترین ئامانجی خەباتەکەی کاری بۆ کردوە، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و خەبات بۆ دابین و دەستەبەر کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کوردە. حیزبی دیمۆکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بە خوێندنەوەیەکی ریالیستیانەی کۆمەڵگای کوردستان و کێشەکانی هەستی بەم راستییە کردبوو کە هەرچەند کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوونەتە هۆی چەوساندنەوەی خەڵك و پێشنەکەوتنی کۆمەڵگای کوردی، بەڵام کێشە و ستەمێکی گەورەتر و بەربلاوتر لە کوردستان لە ئارادایە کە بەرۆکی تێکڕای تاکەکانی کوردی گرتوەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر قوولتربوونەوەی کێشەکانی دیکەش هەیە، ئەویش کێشە و ستەمی نەتەوایەتییە. لەراستیدا نەتەوەی کورد بە هەموو چینو توێژو تاکەکانییەوە کەوتۆتە بەر هەرەشەی تواندنەوە و ستەمی نەتەوایەتییەوە. ستەمی نەتەوایەتی، ژێردەست بوون و بێبەشبوون لە مافی دیاریکردنی چارەنووس سەرەکیترین هۆکارەکانی دواکەوتوویی و پەرەنەگرتوویی کۆمەڵگای کوردەوارین. نەتەوەیەك کە لە دۆخی کۆلۆنیدا دەژیو بەردەوام حاشا لە بوون و شوناسی دەکرێو، بڕیاردان لەسەر چارەنووسی لەدەستی خۆیدا نیە. ناتوانێ هیچ پرۆژە و و پرۆگرامێکی بۆ گەشەی ئابووری و پەرەئەستاندنی هەمە لایەنەی خۆی هەبێت. ئەم راستییەیە کە کەسایەتییەکی مارکسیستی وەك لێنینیش دێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە رزگاری نەتەوەیی دەبێ بخرێتە پێش خەباتی چینایەتییەوە. کەوابوو کێشەی نەتەوایەتی سەرەکیترین و رەسەنترین کێشەی کوردە، تەنانەت لەم سەردەمەشدا کە بە سەردەمی گۆڵۆبالیزاسیۆن (بەجیهانیبوون) ناسراوە، کێشەی نەتەوایەتی زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لە چەند نەتەوەی جیاواز پێکهاتون تووشی قەیران کردوە، هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت، یوگوسلاڤی، چێك و ئۆسلۆڤاکی و... بەرهەمی قەیرانی نەتەوایەتی لەو وڵاتانەدان. رەنگە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە لە سەردەمی بەجیهانیبوون دا شوناسی نەتەوەیی نامێنێ و شوناسی جیهانی جێگای دەگرێتەوە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی رەوتی ئاڵوگۆڕەکان ناتەواوبوونی ئەم تێگەیشتنەمان بۆ دەردەکەوێ، بۆ لێکدانەوەی ئەم کێشەیە، پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین.

ئا) لە رەوتی گۆلۆبالیزاسیۆن دا دەوڵەتەکان بەشێکی زۆری دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و تەنانەت کولتووریشیان لەدەست دەدەن و ناچارن مل کەچی بڕیارە جیهانییەکان لەم بوارانەدا بن، بەڵام ئەوە بە مانای سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتییان نیە. ئێستاش لە یەکێتی ئەورووپادا فەرانسەوی بە فەرانسەوی دەناسرێت و ئەڵمانیش بە ئەڵمانی، واتە هەرکام بە شوناسی خۆیانەوە هاتونەتە نێو یەکیەتییەکە، لە رۆژئاوادا کە دیاردەی بەجیهانیبوون لەوێ دەرکەوتێکی بەرچاوتری هەیە، ئێستاش نەتەوەکان داکۆکی لە شوناسی خۆیان دەکەن و نەتەوە بندەستەکانیش هەوڵی رزگاری و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دەدەن بۆ سەلماندنی ئەو راستییەش دەتوانین ئاماژە بە هەرێمەکانی خەباتی باسك لە ئیسپانیا، کێبێك لە کانادا و خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی ئیرلەندی باکووری بکەین. کەوابوو کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان لە بڕیاردان دا بە واتای سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی نیە.

ب) بە جیهانیبوون بە شێوەیەکیش دەتوانێ یارمەتیدەری نەتەوە بندەستەکان لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان دا بێ. بە جیهانیبوونی ئامرازەکانی راگەیاندن و شۆرشی ئینفۆرماتیك هەلێکی زێرینی بۆ نەتەوەسازی و بردنەسەری ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی بۆ نەتەوە بندەستەکان رەخساندوە. ئەو ئامرازانەی کە پێشتر لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە پاوان کرابوون، ئێستا بە شێوەیەکی هەرزان و بەربلاو کەوتوونەتە بەر دەستی نەتەوەکان و بە سانایی دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن.

ج) وەرگرتن و تێکەڵبوون بە پرۆسەی بەجیهانیبوون پێویستی بە تێپەڕکردنی رەوتێکی پلە بە پلە و سروشتی هەیە. لە بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە بۆ نەتەوەیەك کە ئێستا قۆناغی بە دەوڵەت بوون و بەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەبڕیوە. گەورەترین گرێ گرێی نەتەوەیییە. بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی خەملاندنی هەر نەتەوەیەك. کەوابوو تا گرێی شوناسی نەتەوەیی چارەسەر نەکرێ هیچ کام لەو نەتەوە بندەستانەی کە بە شوناسی نەتەوەی باڵادەستەوە دەناسرێن، ناتوانن ئامادەی وەرگرتنی شوناسێکی گەورەتر واتا جیهانی بن. بۆیە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و بەزۆر هێنانی نەتەوە بندەستەکان بۆ نێو پرۆسەی بەجێهانیبوون، دیاردەیەکی ناسروشتی دەبێت و ئاکامێکی نەخوازراو و سەرنەکەوتووی لێدەکەوێتەوە.

کەوابوو سەردەمی ئێمە لەراستیدا سەردەمی رزگاریی نەتەوە ژێردەستەکان و ئینجا ئامادەبوونیانە بۆ هاتنە نێو پرۆسەی گلۆبالیزاسیونەوە.

ئەمەش نموونەیەکی دیکەیە لەو سیاسەتە بەجێیانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێشاندەری وردبینی و خوێندنەوەی ریالیستییانەی کۆمەڵگای کوردستانە. بۆیە وەك چۆن لەباسی دیمۆکراسی دا ئاماژە کرا ئێستا بەهۆی زەق بوونەوەی کێشە نەتەوە ژێردەستەکان و هەڵکشانی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد، تەنانەت ئەو تاقم و رێکخراوانەش کە سەردەمێك حیزبی دیمۆکراتیان لەبەر ئەو رێبازە سەرکۆنە دەکرد و بە کۆنەپەرست و بورژوایان لە قەڵەم دەدا، ئێستا بە پەلە و بەبێ چارەسەر کردنی پارادۆکسە نێوخۆییەکانیان (ناتەبایی ئەم دۆزە لەگەڵ دۆزەکانی پێشوویان دا) بەرگی نەتەوەییان لەبەر کردوەو بانگەشەی ناسیۆنالیزم دەکەن.

حیزبی دیمۆکرات بە گرێدانی دوو پێویستیی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی پێکەوە، پێ لەسەر ئەو راستییە داگرتووە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێران دا، بەبێ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی و گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی خۆیان، ساوکەکردنی دیمۆکراسی نەك هەر نەشیاو و بێ مانایە بەڵکوو بەرهەمهێنەری دیکتاتۆریی زۆرینەو نەتەوەی باڵادەستە. لەلایەکی دیکەش لە سیستمێکی نادیمۆکراتیکیشدا، مافی نەتەوەکان دابین و دەستەبەر ناکرێ. بۆیە لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کە گرتنەبەری سیاسەتی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و سەقامگیرکردنی دیمۆکراسی لەلایەن حیزبی دیمۆکراتەوە ئەگەرچی سەرەتا لەبەر هێژمۆنی هەندێك ئایدۆلۆژیا بەسەر کەش و هەوای هزری و سیاسی ئەو سەردەمەدا لەگەڵ هەڵوێستی کرچ وکاڵ و توندی هەندێك لایەنی کەم ئەزموون بەرەورووبوو، بەڵام ئێستا و پاش تێپەربوونی ٦٠ ساڵ نەك هەر تۆزی کۆنبوونیان لێ نەنیشتووە بەڵکوو وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار بەنێو چاوانی ئەم حیزبەوە ئەدرەوشێنەوە و وەك باشترین و گونجاوترین رێبازی رزگاری دەرکەوتوون.

**نەتەوەیەك کە لە دۆخی کۆلۆنیدا دەژیو بەردەوام حاشا لە بوون و شوناسی دەکرێو، بڕیاردان لەسەر چارەنووسی لەدەستی خۆیدا نیە. ناتوانێ هیچ پرۆژەو پرۆگرامێکی بۆ گەشەی ئابووری و پەرەئەستاندنی هەمەلایەنەی خۆی هەبێت**

**بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەشێکی سەرەکی‌یە لە پرۆسەی خەملاندنی هەر نەتەوەیەك. کەوابوو تا گرێی شوناسی نەتەوەیی چارەسەر نەکرێ هیچ کام لەو نەتەوە بندەستانەی کە بە شوناسی نەتەوەی باڵادەستەوە دەناسرێن، ناتوانن ئامادەی وەرگرتنی شوناسێکی گەورەتر واتا جیهانی بن**

# راگەیەندراوی خەبەری

**ـ خۆپیشاندانی خەڵکی کامیاران لە درێژەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دا**
**ـ درێژەی خۆپیشاندانی خەڵك لە سنەو گیان لە دەستدانی لاوێك لە ژێر ئەشکەنجەدا**
**ـ ڕوودانی تێکهەڵچونی نێوان خەڵكو هێزەکانی ڕێژیم لە سنەدا**

١ـ ڕۆژی ١٣٨٤/٥/١٧ خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری کامیاران بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی شارەکانی تری کوردستانو هەروەها دەربڕینی نارەزایەتیی خۆیان بەرانبەر کردەوەکانی ئەم دواییانەی ڕێژیم دژی گەلی کورد، ڕژانە سەر شەقامەکانو دەستیان کرد بە دانی دروشمی دژی ڕێژیم.

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کە دەیانویست پێشگیری لە جووڵانەوەی ئیعتیرازیی خەڵکی کامیاران بکەن، لەگەڵ خەڵك دا بەرەوروو بوونو خەڵکیش نارەزایەتیو کاردانەوەی خۆیان بە شکاندنی شووشەو پەنجەرەی بانکەکانی "سپە"و میللی نیشان دا.

جێی باسە کە خۆپیشاندانی بوێرانەی خەڵکی کامیاران تا کاتژمێر ١ی پاش نیوە شەو درێژەی کێشاو هەروەها هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە دەیان کەس لە خۆپیشاندەرانیان دەستبەسەر کردووە.

٢ـ لاوێکی خەڵکی سنە بە ناوی "شاهۆ ئەمجەدی" کە پێشتر لە خۆپیشاندانی قارەمانانەی خەڵکی سنەدا دەستبەسەر کرابوو، ڕۆژی ١٣٨٤/٥/١٧، لە ژێر ئەشکەنجەی دڕندانەو بێبەزییانەی هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم دا گیانی لەدەست دا.

٣ـ ئێوارەی ڕۆژی ١٣٨٤/٥/١٧ لە گەڕەکەکانی "غەفوور" و "٢٥ی شەهریوەر"ی سنەدا لە نێوان خۆپیشاندەرانو هێزەکانی ڕێژیم دا تێکهەڵچوون ڕوویدا کە لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا میرمنداڵێکی تەمەن ١٣ساڵو هەروەها ٢ مەئموری ڕێژیم بریندار بوون.

هەروەها لە نێوان بەشێك لە هێزەکانی ڕێژیم دا کە لە بەرانبەر مزگەوتی جامیعەی سنەدا جێگیر بوون، سەبارەت بە هەڵسوکەوت لە بەرانبەر خۆپیشاندەران دا ناکۆکیو تێکهەڵچوون هاتە ئاراوەو لە ئاکام دا ٢ کەسیان لێ بریندار بوو.

**سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٥/١٨**

# راگەیەندراوی خەبەری

**ـ ترسی ڕێژیم لە تەشەنەی نارەزایەتی بۆ شارەکانی کرماشانو ئیلام**
**ـ لە شارەکانی کوردستان شەوانە لاوەکان دەستگیر دەکرێن**
**ـ بەڕێ کردنی هێزی کۆمەکی بۆ شاری بۆکان لە ڕێگای هەواییەوە**

١ـ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ترسێکی زۆری لێ نیشتوە کە نارەزایەتییەکانی گەلی کورد بۆ شارەکانی کرماشانو ئیلام تەشەنە بکەن. بۆیە لەو پێوەندییەدا ئامادەباشی تەواوی بە هێزە ئینتیزامییەکان لەو شارانە داوە، بە توندی هاتوچۆی خەڵکی خستۆتە ژێر چاوەدێری. هێزەکانی ڕێژیم لەسەر پردی قەرەسوو دەروازەی ورودی ئەو شارە زۆر بە توندی خەڵك کۆنترۆڵ دەکەنو خەڵکی ناچارن بۆ چوونە نێو شار ڕێگەی دیکە هەڵ بژێرن. لە شاری ئیلامیش هێزە ئینتیزامییەکان کە تەقوییەتیش کراون، هاتوچۆی خەڵکیان خستۆتە ژێر چاوەدێریو بەرگری لە کۆبوونەوەی لاوان دەکەن.

٢ـ لە شارەکانی کوردستان هێزە ئینتیزامیو ئیتیلاعاتییەکان شەوانە هەڵ دەکوتنە سەر ماڵەکانو لاوەکان دەستگیر دەکەنو لەگەڵ خۆیان دەیان بەن. بۆ تەقوییەتی هێزە ئینتیزامییەکان ڕێژیم هێزی کۆمەکی لە شارەکانی دیکەوە هێناوە بۆ بۆکانو بۆ بەرگری لە بەرخورد لەگەڵ خەڵکی شارەکانی سەر ڕێ لە ڕێگای هەوایی هێزەکانی تەقوییەت کردوە.

**سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٥/٢٠**

# پرسە و سەرەخۆشیٚ

لە درێژەی جینایەتەکانی هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری سنەی خویناویدا، لاوی چالاك و خەباتکار، زانیار ئاشیان(تەمەن ٢٠ ساڵە)، کە لە ڕێکەوتی ٥ - ٨ - ٢٠٠٥ لە گەڕەکی سپۆرئاوا لە گەڵ چەند لاوێکی دیکە لە نەکاو دەکەونە بەر دەسترێژی گوللەی پیاوکوژانی ڕێژیم ، شەهید دەکرێ و لاوێکی دیکەش بە توندی بریندار دەبێ. پیاو کوژان جەنازەی زانیار و لاوە بریندارەکە لەگەڵ خۆیان دەبن. سەرەنجام لە ژێر فشاری خەڵك ئەمرۆ جەنازەی زانیاریان داوەتەوە بە ماڵەکەی و هەڕەشەیان لێ کراوە کە نابێ ڕێ و ڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی بۆ دابنرێ.

ئەمرۆکە لە ڕێ و ڕەسمێکی بە شکۆدا تەرمی لاوی خەباتکاری کورد، زانیار ئاشیان لە گۆڕستانی شاردا ، بە خاك ئەسپێردراو و لە لاوی برینداریش جارێ هەواڵێك نییە و هەر دەست بەسەرە.

ئێمە وێڕای دەر بڕینی نیفرەت و بێزاری و مەحکوم کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران و کردەوەکانی بەو پەڕی ماتەمینەوە هاودەردی و هاوخەمی خۆمان لە گەڵ گشت بنە ماڵەی شەهیدەکانی کوردستان و بە تایبەتی خەڵکی شاری سنەی قارەمان و بنەماڵەی کاك محێ دینی ئاشیان باوکی جگەر سوتاوی زانیاری شەهید و هاوڕێ کاك حوسێن ئاشیان برای زانیاری شەهید و ئەندامی دڵسۆزی حیزبەکەمان، لە وڵاتی سوئێد ڕادەگەیەنین و داوای سێبوری ولەسەرخۆییان بۆ لە یەزدانی مەزن بە ئاوات دەخوازین.

**دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات — پاریس**
**٢٠٠٥ ٠ ٨ ٠ ٨**

# هەواڵەکانی دەرەوە

## ئەمریکا: سەرکوتی کوردەکان جێگای نیگەرانییە

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێ ئەو ڕاپۆرتانەی باس لە سەرکوتی کوردەکانی ئێران لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەکەن، جێگای نیگەرانین.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە دەڵێ ڕاپۆرتەکان ئەوە دەردەخەن کە لە باکوورو باشووری ڕۆژئاوای ئێران چەندین کەس کوژراونو ژمارەیەکی زۆریش دەسگیر کراون. ئەم وتەبێژە دەڵێ حاشاکردن لە مافەکانی کەمایەتییەکان مەسەلەیەکە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بە پشت بەستن بە بەڵگەی بێژمار سەلماندوویانە.

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا داوای لە ئێران کردوە نەرم بجووڵێتەوەو ڕێز لە مافەکانی هەموو خەڵکی ئێران بگرێ.

ئەو ڕاپۆرتانەی حەوتووی پێشوو کە لە کوردستانەوە گەیشتون باس لەوە دەکەن کە لە تێکهەڵچوونی نێوان خەڵكو پۆلیس لە شاری سەقزدا لانیکەم ١٣ کەس لە نارازییان گیانیان لەدەست داوە.

کوشتنی چالاکێکی کورد لە مانگی ژووئیەدا بە دەستی هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران بۆتە هۆی پێکهاتنی زنجیرەیەك خۆپیشاندانی بەربڵاو لە ناوچەی کوردستانی ئێران، کە لە ژمارەیەکیاندا توندوتیژی هاتۆتە ئاراوە.

## بەشداری نوێنەری کومیتەی حیزب لە فستیڤاڵی نەتەوەیی ـ کلتووری لە ئێدمۆنتۆنی کانادا

لە ڕۆژەکانی ٣٠و٣١ی مانگی ٧و ١ی مانگی ٨ی ٢٠٠٥ی زایینیدا، فستیڤاڵێکی نەتەوەیی ـ کلتووری بە بەشداریی ٥٢ نەتەوەی جیهان کە کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە وانکۆوێری کانادا وەك نەتەوەی کورد تێیدا بەشدابوو لە شاری ئێدمۆنتۆنی کانادا پێك هات.

ئامانج لە پێکهێنانی ئەم فستیڤاڵە ناساندنو نیشاندانی فەرهەنگو کلتووری نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهان بوو کە شاندی کومیتەی حیزبیش بەپێی توانا فەرهەنگو کلتووری نەتەوەی کوردی خستە پێش چاو بەشدارانو لە بەشی موزیكو هەڵپەڕکێدا لاوانی دێموکرات بە پێشکەشکردنی گۆرانیو هەڵپەڕکێی کوردی سەرنجی بەشداربووانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

لە ڕۆژی کۆتایی فستیڤاڵەکەدا بە سەرپەرشتی شارەداری ئێدمۆنتۆنو بەڕێوەبەرانی فستیڤاڵەکە، باشترین جۆری موزیكو هەڵپەڕکێ دیاری کرا کە لە نێو ٥٢ نەتەوەی بەشداردا ١٠ نەتەوە دیاری کرا کە کوردیش یەکێك لەو ١٠ نەتەوەیە بووو هەروەها لە نێو ئەو ١٠ نەتەوەدا تیپی هەڵپەڕکێی لاوانی دێموکرات وەك باشترین تیپی هەڵپەڕکێ دیاری کرا.

## EL MUNDO: ٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٥ / مانوئێل مارتورێل

وەرگێران بۆ کوری: ڕەحیم قادری

ئەرتەش پاش ئەو خۆپیشاندانانەی [بۆ نارەزایەتی نیشاندان] سەربارەت بە کوشتنی لاوێك [پێك هاتن]، شارەکانی مەهابادو شنۆی گەمارۆ دا.

مانوئێل مارتورێل ـ تایبەتی بۆ "ئێل موندۆ"

ڕاست کەمێك پاش لە یەك حەوتوو کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوەو تێیدا دڵنیایی دا کە ئەشکەنجە لە ئێراندا بابەتێکی پێوەندیدار بە ڕابردووەوەیە، ڕێژیمی بناژۆی ئێران لەگەڵ یەکێك لە سەرهەڵدانە گرنگەکان لە کوردستانی ئێران ڕووبەڕوویە کە بە هۆی کوشتنی لاوێك لە ژێر ئەشکەنجەدا پێك هاتون.

ڕێکەوتی دەستپێکردنی ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٩ی ژووئیە، کاتێك کەماڵ ئەسفەرەم ناسراو بە شوانە قادری لەگەڵ ژمارەیەك لە دۆستەکانی لە نزیك شاری مەهاباد لە باشووری دەریاچەی ورمێ کۆدەبنەوە. گەشتییەکی نیزامی دەگاتە ئەم شوێنەو کاتێك لاوەکان پرسیاریان لێدەکەن کە چییان دەوێ، تەقە لە شوانە دەکەن لاقی بریندار دەکەن. بەپێی قسەکانی هاوڕێیانو بنەماڵەکەی، شوانە دەیهەوێ ڕابکا بەڵام مەئموورەکان دوو جاریتر تەقەی لێدەکەنو کاتێك تەرمی لە خوێندا شەڵاڵی شوانە دەکەوێتە سەر زەوی بە ماتۆر دەکەونە سەر تەرمی ناوبراوو پاشان لە ماشینێکی تویوتای دەبەستنو هەتا بنکەیەکی نیزامی ڕای دەکێشنو لەوێش پاش ئەشکەنجەو جەزرەبەی زۆر شوانە دەمرێ. شوانە قادری لە ناو لاوەکانی شاری مەهاباد ناسراو بوو. زۆر چالاکانە لە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایانەی سەر کۆمارییی ئێراندا بەشداری کرد. لە کوردستان ڕێژەی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن زیاتر لە ٨٠٪ بوو.

هەر بەدوای بڵاوبوونەوەی شێوەی نالەباری ئەشکەنجەو کوشتنی شوانەدا هەزاران لاوی مەهابادی ڕژانە سەر شەقامەکانو بە دانی دروشمی مردن بۆ خامەنەییو "شوانە ڕێگای خەباتت درێژە دەدەین"، خەڵك نارەزایی خۆیان بە سووتانی ماشینو هێرش بۆ سەر بانکە دەوڵەتییەکانو هەروەها ئەو کەسانەی نزیك بە ڕێژیمن وەك مەلا سوهرابی، دەربڕی.

پاش تەحویلدانەوەی تەرمی شوانە بە بنەماڵەکەی وێنە لە تەرمی تێکچووی ناوبراو بە هۆی ئەشکەنجەوە دەگیردرێو لە تۆری ئینتێرنێت بڵاو دەبێتەوە.

ئەم کارە دەبێتە هۆی پەرەئەستاندنی نارەزایەتیی گشتی لە کوردستانی ئێران کە لە ئاکامدا زۆربەی شارەکانی کوردستان دەگرێتەوە.

ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد وەك یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە لە ئورووپا ڕاستیی ئەم ڕووداوەیان ئاشکرا کردوەو داوای لێکۆڵینەوە دەکەن.

دەوڵەتی تاران دەڵێ کە نارەزایەتییەکان کاراکتری سیاسییان نیەو شوانە کاتێك بۆ نەخۆشخانە دەگوێزرایەوە گیانی لەدەست داوە.

لەم کاتەوە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەردەوام لە تێکهەڵچوون دان وەك لە پیرانشار هەواڵ دەدەن.

لە کۆتاییەکانی حەوتووی ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند کە دووکانو بازاڕەکانی زۆربەی شارەکانی کوردستان بە هۆی نارەزایەتی لەو جینایەتە داخراونو لە ورمێو تەورێزو کرمانەوە هێزی پشتیوانیی نیزامی گەیشتوونەتە ناوچەکە بۆ کونترۆڵی ئەم نائارامییانە بەتایبەتی هەلومەرجی نالەباری شنۆ.

بەپێی ئەم سەرچاوانە لە ئاکامی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەی کوردستان زیاتر لە ١٠ کەس کوژراونو دەیان کەس بریندار بوونو بە سەدان کەس ڕەوانەی زیندانەکان کراونو هێندێك شاری وەك مەهاباد، شنۆ بە چەك گەمارۆ دراون.

لە سوئێد، فەنلاند، نۆروێژ، سویسو ئامریکا کوردەکانو ئێرانییەکان بە دژی ئەم کردەوە دڕندانەی ڕێژیمو شەپۆلی نوێی سەرکوت لە کوردستان لە بەرامبەر باڵۆێزخانەکانی ڕێژیم خۆپیشاندانیان ساز کردوە.

ئەم سەرکوتکردنە نوێیەی ڕێژیم هەروەها لە لایەن ڕێکخراوی خوێندکارانی زانستگای تارانیشەوە مەحکووم کراوە.

## نامەی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە ئاڵمانو ئوتریش بۆ سەرۆکەکانی حیزبو فراکسیۆنە پارلـمانییەکانی وڵاتانی ئەڵمانو ئوتریشو پارلـمانتێرەکانیان لە پارلـمانی ئورووپا

بەڕێزان!

نزیکەی مانگێکە لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا چالاکیی ئیعترازی دژی سیاسەتی سەرکوتو جیاوازیدانانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد بەڕێوەدەچێ.

بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانە هێمنانەکان، ڕێژیم یەکە سەرکوتکەرە تایبەتییەکانو پاسداری لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە گوێزتۆتەوە ناوچەکانی کوردستانو لە گیانی خەڵکی بەردراون.

لە هێرشی ئۆرگانە دژیگەلییەکان بۆ سەر خۆپیشاندانەکان لانیکەم ٢٠ کەس کوژراون، سەدان کەس برینداربوونو گیراون.

ڕێژیمی ئێران لەکاتێکدا هێرشەکانی بۆ سەر گەلی کورد توندوتیژ کردوە کە یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی لە وتووێژدایە.

کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە سیاسەتی ئورووپا لە بوارەکانی دێموکراسیو مافی مرۆڤدا وەك "کەرەسەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانج" بێنێوەرۆك بنوێنێو بێئێعتباری بکا.

ئێستا بە بێدەنگیی ڕۆژئاوا، ڕێژیم هەلی بۆ هەڵکەوتوە لە لایەکەوە زەبروزەنگو سەرکوت دژی گەلی کورد توندوتیژ بکاو لە لایەکی دیکەوە ئەو هەستە بەربڵاوتر بخاتە نێو خەڵکی ئێرانەوە کە ئورووپا لە وتووێژەکان تەنیا بەرژەوەندییەکانی ئابووری خۆی لەبەرچاوەو هەرکاتێك پێویست بێ ئامادەیە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکان، دێموکراسیو مافی مرۆڤ بخاتە ئارشیڤەوەو واز لە باس لێکردنیان بێنێ.

بێدەنگیی سەرسوورهێنەری هێزە دێموکراتیکەکانی ئورووپا ئەورۆ بەرامبەر بە لەژێرپێنانی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤو بەرامبەر بە سەرکوتی دڕندانەی خەڵکی کوردستان بەداخەوە ڕژیم لەسەر پێشێلکارییەکان سوورتر دەکا. دەبێتە هۆی تەمابراوی زیاتری گەلانی ئێران لە سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی.

ئەو ڕەوتە جێی مەترسییە تەنیا کاتێك بەری پێدەگیرێ کە یەکیەتیی ئورووپا بەکردەوە بەرپەرچی سیاسەتو ئامانجی ڕێژیمی ئێران بداتەوە.

ئێمە داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین کە هەم لە حیزبو هەم لە فراکسیۆنەکانتاندا هەڵوێستی ڕاشکاوانە دژی ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێران بگرن.

گەلی کورد بە تەنیا مەهێڵنەوەو دژی هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی ئێران لە کوردستان پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی ئێمە بکەن.

داواتان لێدەکەین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر گوشارەوە کە کۆتایی بە کوشتاری خەڵکی کوردستان بێنێو دەسبەجێ زیندانییە کوردەکان کە ناچارن توندترین ئەشکەنجە قبووڵ بکەن، ئازاد بکا.

ئێوە بە پشتیوانیی خۆتان دەتوانن هێزە دێموکراتەکان، دڵگەرم بکەن کە بەردەوام بڕوایان بە چارەسەری سیاسیو ئاشتیخوازانەی مەسەلەکانو وەدیهێنانی داخوازییەکانیان بێ.

## نامەی ناوەندی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤی کوردان "IMK" بۆ:
## ـ سەدری ئەعزەمی ئاڵمان، بەڕێز گێرهارد شرۆیدەر
## ـ وەزیری دەرەوەی ئاڵمان، بەڕێز یوشکا فیشێر
## ـ پارلـمانی ئورووپا

**کۆتایی بە سەرکوتی دڕندانە، ئەشکەنجەو کوشتار لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران لە کوردستانی ئێران بێنن**

بەڕێزان!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئێمە بە هۆی ڕاگەیاندنە چاپەمەنییەکانمان هەم ئێوەو هەم بیروڕای گشتیی ئورووپامان لە خۆپیشاندانەکانی کوردستانی ئێرانوکردەوەی دڕندانەی هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران بەرامبەر خۆپیشاندانە هێمنانەکەی کورد ئاگادار کردوە.

بە گوێرەی نوێترین زانیارییەکان کە جێگای متمانەی ئێمەن، خۆپیشاندانی بەردەوامو بەربڵاو ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان لە شارەکانی سەقز، مهاباد، سنە، پیرانشار، سەردەشتو. . کەوتوونەتە بەر هێرشی هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران. وەك ڕۆژانی پێشوو ئەوانە ئەورۆکە سەقزیش خۆپیشاندانیان دایە بەر دەسترێژو ١١ کەسیان کوشت. ناوی ٤ کەس لە کوژاوەکانمان بۆ دەرکەوتووە: محەممەد شەریعەتی، مامۆستای دەبیرستان، فەرزاد محەممەدی قوتابی، عەبباس ڕەمەزانزادە شیرینی فرۆشو شاکری.

بەپێی زانیارییە تەئیدکراوەکان تەنیا لە شاری سنە لە ١ی ئووت لانیکەم ٧٥٠ کەس گیراون کە ٢٠ کەس لە گیراوەکان ژنن.

دوکتور ڕوئیا تلووعی چالاکی مافی ژنانو مافی مرۆڤـ، ئیجلال قەوامی

بۆ لاپەڕەی ٧

ڕۆژنامەوان‌و چالاکیی مافی مرۆڤ، ئازاد زەمانی لە کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی منداڵ‌و مادێح ئەحمەدی لە نێو گیراوەکاندان کە لە کاتی لێپرسینەوەدا ئەشکەنجە دەدرێن‌و سووکایەتییان پێدەکرێ.

هێزە چەکدارەکان لە شارەکانی دیکەش هێرش دەبەنە سەر خۆپیشاندەران‌و هەتا ئێستا ژن‌و پیاوە گیراوەکانی کورد بێ‌سەروشوێنن.

بەداخەوە ژمارەی تەواوی قوربانی‌یەکانمان وەدەست نەکەوت، بەڵام بە گوێرەی هەواڵنێرانی ئێمە ژمارەیان یەکجار زۆرە.

ئێمە داواتان لێدەکەین کار بکەنە سەر دەوڵەتی ئێران بۆ ئەوەی کۆتایی بە سیاسەتی دڕندانەو دژی مرۆڤانەی خۆی دژی خەڵکی کوردستان بێنێ. ئێمە داواتان لێدەکەین بە هۆی بڕیارو بڕیارنامە دژی ئەو سیاسەتە دژی مرۆڤی‌یەی دەوڵەتی ئێران ناڕەزایەتی دەربڕن.

ئێمە داواتان لێدەکەین کە مەسەلەی کوردستانی ئێران لە ئۆرگانە بەرزەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بهێننە گۆڕێ.

ئەبووبەکر سەیدام
بەڕێوەبەری ناوەندی نێونەتەوەیی
مافی مرۆڤی کوردان
٤ی ئووتی ٢٠٠٥
بۆن ـ ئاڵمان

## ڕاگەیەندراوی چاپەمەنی مەحکوومکرانی ژمارەیەك لە جیابیران‌و چالاکە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە بەندکران لە لایەن ڕێژیمەوە

ژمارەیەك لە چالاکە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی شاری سنە کە لە مانگرتنی ١٣٨٤/٥/٨ (٣٠ی ژوئیەی ٢٠٠٥)ی ئوستانداریی کوردستان بەشداربوون بە لانیکەم دوو مانگ زیندان مەحکووم کران. ناوی ژمارەیەك لەو چالاکانە کە حوکمی ناعادیلانەی زیندانیکرانیان بەسەر داسەپاوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ ئیجلال قەوامی (ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی سیاسی)، ٢ـ د.ڕوئیا تلووعی (نووسەرو چالاکی بواری مافی مرۆڤ)، ٣ـ سەعید ساعیدی (نووسەرو ڕەخنەگر)، ٤ـ ئازاد زەمانی (چالاکی مافی مرۆڤ)، ٥ـ مادیح ئەحمەدی (ڕۆژنامەنووس)، ٦ـ خوسرەو ئیلاهی (چالاکی سیاسی).

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی گەیشتون، ڕێژیم خەریکی دەستگیرکردن‌و زیندانی‌کردنی هەموو ئەو کەسانەیە کە لە مانگرتنەکەدا بەشداربوون. بە گەیشتنی ناوی دەسگیرکراوەکانی دیکە، بیروڕای گشتی ئاگادار دەکەینەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی‌و جیهان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕاگەیەنە گشتی‌و جیهانی‌یەکان دەخوازێ زیاتر لەوە سەبارەت بە سەرکوت، کوشتارو ئازاری نەتەوەی کورد لە ئێران دووەپەرێز نەبن. ئێمە داوا لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ‌و ڕاگەیەنە جیهانی‌یەکان دەکەین بە ناردنی هەیئەتگەلێك بۆ بەدواداچوون سەبارەت بە سەرکوتی خەڵکی کوردستان‌و وەزعی بریندارو دەسگیرکراوەکانی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەو هەروەها پێشێلکردنی بەربڵاوی مافەکانی خەڵکی کورد، لانیکەم ئەم نەتەوەیە لە دەسڕاگەیشتن بە سەرەتایی‌ترین مافە مرۆیی‌یەکانی یارمەتی بدەن.

دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات

٢٠٠٥/٨/٩

## ڕاگەیەندراوی بەڕێز خاتوو "ئووتا تساپف" بە بۆنەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێرانەوە

شەپۆلی گرتنی نەیاران لە ئێران لەگەڵ دەستبەکارکردنی سەرکۆماری نوێ‌و سەرکوتی نەیاران لە هەموو ئێراندا توندوتیژتر بووە. بەتایبەتی لە کوردستانی ڕۆژئاوای ئێران، هێزە ئینتیزامی‌یەکان دڕندانە هێرش دەکەنە سەر خەڵك. لە هەر جێگەیەك کورد دژی سیاسەتی مەلاکان خۆپیشاندان وەڕێ بخا، دەگیرێ‌و دەکوژرێ.

بارودۆخ لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی لە چەند ڕۆژی ڕابرووددا زۆر ئاڵۆز بووە، تەنیا لە سەقز ١١ کەس بە دەستی هێزە ئینتیزامی‌یەکان کوژراون، سەدان کەس گیراون کە لە نێویاندا ژمارەیەك چالاکی بواری مافی مرۆڤ بەدی دەکرێن. زۆر لە گیراوەکان بێ‌سەروشوێنن. دەزانین کە زیندانی لە زیندانەکانی ئێراندا ئەشکەنجە دەدرێن‌و لە وەکیل‌و خزمەتی دەرمانی بێ‌بەش دەکرێن.

لە تۆڵەی ئەوەی ئیعترازیان کردوە مەترسی کوژران، هەڕەشە لە زۆر لە دژبەران دەکا.

ئێمە سوسیال دێموکراتەکان دژی سەرکوتی دڕندانەی ئۆپۆزیسیونی دێموکرات‌و مافەکانی کەمایەتیی کورد ئیعتراز دەکەین.

ئووتا تساپف
جێگری بەرپرسی کاروباری دەرەوەی
فراکسیۆنی حیزبی سوسیال دێموکراتی
ئاڵمان لە پارلمانی ئاڵمان

## سەردانی شاندێکی حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە لە دەفتەری سیاسیی حیزب

ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژی ١٣٨٤ (٨ی ئووتی ٢٠٠٥)، شاندێکی حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان د.سەلاح دەروێش‌و شەلال کرو، ئەندامی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن بەڕێزان مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب و عەلیی مێهرپەروەرو محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و کاوە بەهرامی‌و ڕۆستەم جیهانگیری، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی‌یەوە پێشوازیی لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا د.سەلاح دەرویش باسێکی لەسەر بارودۆخی کورد لە سووریە پێشکەش کردو لە باسەکەیدا ئاماژەی بە پێشێلکرانی مافی نەتەوەیی‌و سیاسی‌و فەرهەنگی کوردی لەم وڵاتەدا کرد. لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بە سەرهەڵدانەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران کردو ئەم خەباتە سیاسی‌و نەتەوەیی‌یەی بەرز نرخاند.

پاشان کاك مستەفا هیجری لەسەر ڕەوشی کورد لە ئێران، هەڵبژاردنی دەوری نۆهەمی سەرۆك کۆماریی ئێران، چۆنیەتی سەرهەڵدانەکانی شارەکانی کوردستان، پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ‌و شوێنەواری ئەم کۆنگرەیە لەسەر ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران کرد.

لە کۆتاییدا هەردوولا پێیان لەسەر دۆستایەتی‌و هاوکاریی برایانە داگرتەوە.

## پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٤/٥/١٣ (٢٠٠٥/٨/٤)، نزیکەی ١٥٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی شارەکانی ئۆتاواو تۆرنتۆ خۆپیشاندانێکی هێمنیان لە بەردەم پارلمانی کانادادا بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کوردستانی ئێران‌و مەحکوومکردنی هەڵسوکەوتی دژگەلییانەی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی وەڕێ خست‌و داوایان لە کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان‌و لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ کە زەخت بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی‌و هەروەها خۆپیشاندەران ڕێزیان لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی کوردستان گرت.

خۆپیشاندەران بە دانی دروشمی ئازادیخوازانەو بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان‌و وێنەی شەهید شوانەی سەیدقادر بەرەو باڵوێزخانەی ئێران وەڕێکەوتن‌و دواتر لە لایەن کاك موعتەسەم تاتایی‌یەوە پەیامی ئینگلیسی‌و کاك سەعید گوڵباخی‌یەوە پەیامی کوردی خۆپیشاندەران خوێندرایەوەو پاش ئەوان کاك دوکتور خەلیقی وتارێکی سەبارەت بە ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان پێشکەش کرد.

### دانیمارك:

بۆ پشتیوانی لە حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی شارەکانی کوردستان‌و داخوازە ڕەواکانیان‌و مەحکوومکردنی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٨/٦، زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی دانیمارك کە زۆربەیان لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون لە بەردەم سەفارەتی ئێران خۆپیشاندانێکیان ساز کرد. خۆپیشاندەران بە ڕێپێوان لە ئیستاسیونی قەتاری سوەنی مولن (Svanem ullem) بەرە سەفارەتی کۆماری ئیسلامی‌و دانی دروشم لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێزاریی خۆیان لە کردەوەکانی ڕێژیم لە کوردستان دەربڕی.

شایانی باسە کە پێکهێنەری ئەم خۆپیشاندانە کومیتەی هاوکاریی هێزە کوردستانی‌یەکان بوو.

## مەحکوومکرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەرلەمانی فینلاند

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پەرلەمانی فینلاند بە دەرکردنی بڕیارنامەیەکی گازندە بۆ سەرۆك کۆماری ئێران، مەحموود ئەحمەدی نەژاد ئێرانی بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تاوانبار کرد و داوای کرد، کێشەی کورد لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکرێ.

# ڕووداوێکی گرنگ لە وڵاتی دراوسێمان تورکیە

ڕۆژی ١٣ی ئووتی ٢٠٠٥ی زایینی، ڕێکەوتی ٢١ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی، ڕەجەب تەییب ئەردوگان، سەرۆك وەزیری تورکیە لە سەردانی خۆیدا بۆ شاری دێرینی‌کوردنشینی دیاربەکر لە بەرامبەر ڕووناکبیران‌و هەواڵنووسان دا گوتی: "ئەگەر لە بارەی مەسەلەی کورد لە تورکیە لە من دەپرسن، ئەمن دەڵێم مەسەلەی کورد لە تورکیە مەسەلەی منەو هەر خۆشم چارەسەرکردنی دەستەبەر دەکەم". سەرۆك وەزیری تورکیە بۆ ئەوەی نیشان بدا کە سیاسەتێکی تازەو بۆچوونێکی تازەی هێناوەتە ئاراوە، میکانیزمی ئەو چارەسەرەشی دەستنیشان کرد بەوە کە لە ڕێگای دێموکراسی‌یەوە چارەسەری دەکا. بەم وتەیەی ئەو گومانەی ڕەواندەوە کە لە ڕێگای سەرکوت‌و پەلاماری نیزامی‌یەوە دەیەوێ ئەو کارە بکا.

لووتکەی ئازایەتی‌و واقعبینی لە قسەکانی ئەردووگان دا ئەوە بوو کە گوتی: "هەموو دەوڵەتێك تووشی هەڵە دەبێ‌و دەوڵەتی بەهێز ئەوەیە کە پێ لە هەڵەکانی بنێ‌و هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدا".

دەڵێن ڕێگای هەزار میل بە هەنگاوێك دەست پێ دەکا. ئەگەر خوالێخۆشبوو تورگوت ئۆزال پاش حەفتا ساڵ سڕینەوەی کوردو کوردستان لە فەرهەنگی سیاسیی دەوڵەتی تورکیە، بە هەنگاوێکی بوێرانە بوونی لانیکەم دوازدە میلیۆن کورد لەو وڵاتەی نەسەلماندبایە، ئەمڕۆ پاش پازدە ساڵ ڕەجەب تەییب ئەردووگان ئەم قەڵەمبازەی بەرەو بەرەسمی ناسینی مەسەلەی کورد لە تورکیە نەداوێشت. لە بیرمانە کە ئەوکات ئۆزال لەگەڵ هێرش‌و پەلاماری تەبلیغاتیی نەیارانی خۆی بەرەو ڕوو بوو، تەنانەت هێندێ ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگی تورك بە نیازی سووکایەتی پێکردن ئەویان بە ئۆزالە کورد ناو برد. تا تێپەڕینی ڕۆژگارو پەرەگرتنی دێموکراسی سەرنجام دروستیی ئەو هەنگاوەیان بۆ بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵی تورکیە ئاشکرا کرد.

هێندێ سەرچاوەی ئاگادار لەو باوەڕەدان کە ئەردووگان بۆ دەربڕینی ئەو بیرو بۆچوونە چرایەکی سەوزی لە سوپای تورکیە وەرگرتوە. دەرنەکەوتنی دژکردەوەیەکی سوپا لە ماوەی سێ ڕۆژی دوای وتاری سەرۆك وەزیردا ئەگەری دروستیی ئەو بۆچوونە زیاتر دەکا. ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، ئەمە گرنگیی ئاڵوگۆڕەکە زیاترو زیاتر دەردەخاو، نیشان دەدا کە گۆڕانێکی قووڵ‌و بنەڕەتی بەسەر ڕوانینی دەسەڵاتبەدەستانی تورکیەدا هاتووەو سەرکردە سوپایی‌یەکانیش وەك ڕێبەرە سیاسی‌یەکان ڕووحی سەردەم‌و ڕاستی‌یەکانی کۆمەڵی خۆیان تێ دەگەن‌و بە ڕووحێکی هاوچەرخانەوە لەگەڵ ڕاستی‌یەکان بەرەوروو دەبنەوە.

هێندێك کەس وای بۆ دەچن کە تورکیە هەنگاوی لە ژێر فشاری یەکیەتیی ئورووپا دا هاویشتوە و دەیهەوی بەو کارە ڕێگای بە ئەندامبوونی خۆی لەو یەکیەتیی دا تەخت بکا. ئەم بۆچوونە دروست بێ یان هەڵە، هیچ شتێك لە گرنگی و بایەخی ئەو قسانەی سەرۆك وەزیری تورکیە کەم ناکاتەوە. چونکە ئەمەشیان هەر نیشانەی تێگەیشتنی ڕوحی سەردەم و هەوڵدان بۆ تێکەڵبوون لە گەڵ کاروانی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یە.

بەراوردێك لە نێوان هەڵوێستی ڕوو لە گەشەی کاربەدەستانی تورکیە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد لەو وڵاتە لەگەڵ هەڵوێستی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد لە ئێران دا بۆمان دەردەخا کە دەسەڵات لە ئێران دا چەندە لە گەڵ ڕوحی سەردەم بیگانەیە و چۆن ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو دوا دەگەڕێتەوە. هەر سێ ساڵ پێش ئێستا بوو کە سەرۆکی دیپلۆماسیی لیبراڵ ترین قۆڵی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، ئاغای کەمالی خەڕازی لە ئیتالیا ڕای گەیاند کە لە ئێران دا شتێك بە ناو مەسەلەی‌کورد نیە. هەر دوێنی‌و پێریش بوو کە تێکڕای کاربەدەستانی ئێران حەرەکەتی پڕشکۆو هاوپەیوەندیی نەتەوایەتیی کەم وێنەی خەڵکی کوردستانی ئێرانیان بە ئاژاوەگێڕیی هێندێ کەسی سەربزێوو مەسەلەدار ناوبرد و بە هەموو توانا لە بەرەورووبوونەوەو چارەسەری مەسئوولانەی مەسەلەکەخۆیان بوارد. ئەمە لە کاتێك دایە کە بە ڕواڵەت لە ئێران دا حاشا لە بوونی کورد نەکراوەو"مرزدارانی غیور کرد" زاراوەیەکە کە تا ئێستاش بە خەیالی فریوو چاوبەستی خەڵکی کوردستان بە کار دەبرێ.

ئێمە وێڕای نرخ دانان بۆ بیرو بۆچوونی واقعبینانەو ئازایانەی سەرۆك وەزیری تورکیە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە کۆمەڵانی گەلی کورد لە تورکیە دەکەین کە بەخۆڕاگری و بە پێداگرتن لە سەر کەسایەتیی‌نەتەوەیی خۆیان سەرەنجام هەقانیەتی داخوازی‌یەکانیان لە کاربەدەستانی تورکیە گەیاند. پیرۆزبایی لە کۆمەڵانی گەلی تورکیش دەکەین کە پێدەچێ لە چنگی بیرو باوەڕی شۆڤێنیستی ڕزگار دەبن. پیرۆزبایی لە بوێری‌و ئازایەتیی ئاغای ئەردووگانیش دەکەین کە بە وتاری مێژوویی ڕۆژی ١٢ی ئووتی خۆی لە دیاربەکر تابووی بیرێکی دواکەوتووانەی شکاند کە دەیان ساڵ بوو وەك زنجیر لە دەست وپێی دەسەڵاتدارانی تورکیە هاڵا بوو. ئێستا دەبێ چاوەڕوان بین‌و بزانین لە داهاتوودا، ئەردووگان‌و حکومەتەکەی تا چەند بە کردەوە لە ڕاستای ئەم قسانەدا هەنگاو دەنێن‌و ڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانەی نوێ بۆ مەسەلەی کورد لەم وڵاتەدا دەگرنە بەر؟ بێگومان بۆ ئەو کارەش کۆمەڵانی گەلی کورد هەموو ئازادیخوازانی تورکیەو تەواوی ئۆگرانی حەق‌و عەداڵەت پشتیوانی لە ئاغای ئەردووگان دەکەن.

لە کۆتایی دا پێویستە بڵێین کە ئەم قسانەی سەرۆك وەزیری تورکیە لە سەروبەندی پەسەندکرانی قانوونی بنچینەیی لە عێراق دا دێن کە ئومێدی لێ دەکرێ مافە ڕەواکانی کوردی عێراق بە ڕەسمی بناسێ. بە دوای وشیار بوونەوەی کوردی سووریەو حەرەکەتی پڕ شکۆی کوردی ئێران دا دێن کە هەموویان نیشانەی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی کوردان و هیوا بە دوارۆژێکی ڕووناکن. بە هیوای دەسکەوت‌و سەرکەوتنی زیاتر.

# بانگەوازی پشتیوانانی خەباتی مەدەنی جەماوەری لە کوردستانی ئێران

جەماوەری بەشەرەفی خەڵکی کوردستان:

هێرش و دەستدرێژیی ئەم دواییەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی تێکۆشەری کورد و شەهید و بریندار‌بوونی دەیان کەس و گیران و ئەشکەنجەکردنی سەدان کەسی‌تر، بەرنگاربوونەوەی چالاکانە و یەکگرتوانەی خەڵکی لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان لێ کەوتەوە. لەو بەرنگاریە قارەمانانەیەدا هەموو خەڵکی کورد بەبێ جیاوازیی ناوچەیی و دینی و لەوپەڕی یەکگرتوویی‌دا بەشداربوون و لە ماکۆ و سەلماس و ورمێ تا کرند و قەسری شیرین دەستیان دایە سازکردنی حەرەکەتی ئیعترازی بە دژی ڕێژیم. ئەوەی لە چەند حەوتووی ڕابردوودا ڕوویدا دەستپێکی ڕەوتێکی نوێی خەباتی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد بوو کە هاودەنگی و هاوخەباتیی کردبووە هەوێنی خۆی و لە شێوازێکی مەدەنی و شارستانیانەدا سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی پێ شەرمەزار کرا. ئەگەرچی ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازانەیە شەهیدبوون، بریندار‌بوون و گیرانی زۆرکەسی بەدواوە بوو بەڵام بۆ گەلەکەمان بە سەرکەوتنێکی گەورە دەژمێردرێت و بەمەش خەباتی ڕەوای کوردان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە. دوای تێپەڕبوونی بیست و حەوت ساڵی دەسەڵاتدارییەتیی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی ئاخوندی و پیلانگێڕییەکانی بە دژی نەتەوەی کورد، هەنووکە لە هەمووکات زیاتر زەمینە بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لەبارە و کاتی ئەوە هاتوە کە بە ڕێکخستنی حەرەکەتی بەرین و بەهێزی جەماوەری بۆ گەیشتن بە مافەکانمان هەوڵ بدەین. حەرەکەتی سەرکەوتوانەی ئەمجارە هەنگاوێکی گەورەبوو بە ئاراستەی گەیشتن بەمافە میللی و نەتەوەییەکانی گەلەکەمان و هەوڵێکی نوێ بوو بۆ دەرخستنی ڕادەی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی جەماوەر. ئەم سەرکەوتنە گەلێك گرنگ و بەنرخەو وەك دەستکەوتێکی گەورەی نەتەوەیی دەبێ لە ئاستێکی بەرین و فراواندا جێژن بگیرێت. ٢٥ی گەلاوێژ وەك بۆنەیەکی پرشنگدار و زێڕین لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا ڕۆژێکی گونجاوە بۆ ڕێزلێنان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئەم دواییەی خەڵکی کوردستان. بۆیە لە سەرجەم خەڵکی کوردستان داوا دەکەین لەو ڕۆژەدا و بە هەموو شێوەیەك هەستی خۆیان دەربڕن و ٢٥ی گەلاوێژ بکەن بە جێژنی گەورەی نەتەوەیی. خەڵك دەتوانن بە لەبەرکردنی جل و بەرگی ڕەسەنی کوردی و هاتنە دەرەوە لە ماڵەکان، بە هەڵکردنی چرای ماشینەکان، بە ئاگرکردنەوە و ئاهەنگ گێڕان جارێکی‌تر ڕۆحی هاودەنگی و هاوخەباتییان بەرجەستە بکەنەوە و سووربوون و شێلگیریی خۆیان بۆ درێژەدان بە خەباتی جەماوەری دەربڕن.

**بە هیوای بەرەوپێش چوون و سەرکەوتنی زیاتر**

**وادەی ئێمە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی**

**پشتیوانانی خەباتی مەدەنی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

# حیزبی دێموکرات لە ئاوێنەی بیروڕاکاندا

ئامادەکردنی: ناسر ساڵحیئەسڵ

. . . حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی خۆیدا هەمیشە ئاشتیخواز بووەو مافی بنەڕەتی بۆ گەلی کوردو ئێرانی داوا کردوە. مافی مرۆڤو گەلانی هەژاری پاراستوە. بۆ ئەم خەباتو تێکۆشانە پیرۆزەش ڕێبەرانێکی وەك ڕەحمەتی د. قاسملوو، د. شەرفکەندیو زۆر شەهیدی دیکەی بەخت کردوە.

**ئەنستیتۆی کورد لە بروکسێل دەروێش م. فەرهۆ بۆ کۆنگرەی سێزدەی حیزب**

. . . حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تەمەنی پڕلە شانازیی خۆیدا وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردستان دا دروشاوەتەوەو زانکۆی بەرزی کوردایەتیو دیمۆکراسیو بەرخودان بووەو بۆ گیانی داگیرکەرانو کۆنەپەرستانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کوردستان.

**ئەنجومەنی پەنابەرانی کورد لە هەولێر بە بۆنەی دامەزرانی حیزب**

. . . مێژووی خەباتو پڕ لە سەروەریی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، وەك حیزبێکی دیموکراتیخوازو ئاشتیخواز لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە پێناو وەدیهێنانی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد لەو پارچەیەدا لە کەس شاراوە نیەو ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانو گیانبەختکردنی سەرکردە شورشگێڕەکانی لە لە سەروویانەوە پێشەوا قازی محەمەد، باشترین گەواهیی تێکۆشەریو سەروەرێتی گەلی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن.

**ئەنجومەنی ناوەندیی بزووتنەوەی میللیی کوردستان بۆ کۆنگرەی سێزدەی حیزب**

. . . لەم هەلومەرجەدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە سوننەتە دیموکراتییەکانیو پرستیژی ڕێبەرەکانی لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی مێژووە دوورو درێژەکەیەتی، هێزێکە چارەنووسسازە کە نەتەنیا مایەی هیوای گەلی کورد لە ئێران، بەڵکوو زیاتر لەمەش مایەی هومێدی تەواوی کوردە.

**د.برناردگرانژون جێگری ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان بە بۆنەی دامەزرانی حیزب**

ـ . . . حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای سەدەی ڕابردووڕا تا ئێستا پێشرەوی خەبات بە دژی ئیستبدادو شوڤینیزمو بێعەدالەتی بوو. ئەمڕۆ بۆتە چرای ڕێ ڕوونکەرەوەی خەباتی نەتەوەکانی ئێرانو هیوادارین حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی سێزدەدا بەسەرکەوتنەوە چرای ئەو خەباتە هەروا بە ڕووناکی ڕابگرێ.

**بەرەی دیموکراتیکی نەتەوەی عەرەبی ئەهواز بۆ کۆنگرەی ١٣ی حیزب**

ـ . . .حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ حیزبێك کە لە سەرەتای ژیانی خۆیەوە شانبەشانی هێزە پێشکەوتووو دێمۆکراتەکان کۆمەڵی ئێمە هەنگاوی هەڵێناوەتەوە، دەتوانێ بەسەربەرزیو شانازییەوە ئاوڕ لە ڕابردوو بداتەوەو بە خۆشبینییەوە بڕوانێتە داهاتوو.

**بەهمەن نیرومەند بە بۆنەی ٥٠ ساڵی حیزب**

ـ. . . حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ سەقامگیر کردنی دیموکراسی لە ئێران داو وەدەستهێنانی ئازادی بۆ گەلی کورد بەردەوام خەباتی کردوە.

**پاتریك فاربیاز سەرۆکی کۆمیسیۆنی پێوەندییە نەتەوەییەکان بۆ کۆنگرەی ١٢ حیزب**

ـ. . . حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، دامەزرێنەری کۆماری مەهابادە، یەکەم سکرتێری حیزبی دێمۆکرات پێشەوا قازی، سەرۆك کۆماری کوردستان بوو. ئەمە جێگای سەرفرازییە.

**پارتی سوسیالیستی کوردستان بەبۆنەی دامەزرانی حیزب**

ـ. . . ڕۆڵی دیاری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە خەباتی گەلەکەمانو پێشگیریو بەرگریو هاوپەیمانەتیی لەگەڵ خەباتی گەلی کوردستانی باشوورو دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین، جێگای شانازیو سەرفرازیمانە.

**پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٠ی حیزب**

ــ . . . هەرکەس نێوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ببیستێ، دەکەوێتە بیری هەورازو نشێوی زۆری ژیانی حیزبەکەتان. ئەو کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەوە سوننەتە دیمۆکراتیکەکانیەتی کە بناخەی هاوبەشی هەموو حیزبە دیموکراتەکانی کوردە.

**تیلمە تسوویخ سەرۆکی کۆمەڵەی نێونەتەوەییو داکۆکی کردن لە گەلان بۆ کۆنگرەی١٣یحیزب**

ـ . . . حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئالایەکی هەڵگرتوە کە ڕۆژبەڕۆژ حەقانییەتو دروستییەکەی بۆ هەموو لایەكو کەسێك دەردەکەوێت.

**پەیامی ڕووناکبیرێکی کورد بۆ کۆنگرەی ١٣ی حیزب**

ــ . . . گەلی کورد لە ئێران دا یەکەمین حکوومەتی مۆدێرنی کوردیی، مێژوویییان دامەزراند. نموونەی مەهاباد و دواتر ئیلهامیدا بەسەرجەم نەتەوەی کوردو گەلی دیکەی دنیاش. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەتا دێ لە ئینگلستانو ئورووپای ڕۆژئاوادا زیاتر دۆستو پشتیوانتان بۆ دروست دەبێ. خەباتی ئێوە سەرەنجام دەبێ سەرکەوێ، چونکە خەباتێکی ڕەوایە.

**جێرمی کۆربین ئەندامی پارلمانی ئینگلستان، بە بۆنەی کۆنگرەی ١٣ی حیزب**

ــ . . . ڕەمزی مانەوەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ گەوهەری دیموکراتیكو بە حەقی ویستەکانتان لە لایەكو لە لایەکی دیکە بۆ پێوەندیی بەهێزو نزیکتان لەگەڵ خەڵکی کوردستانی ئێرانو هاوهەنگاویتان لەگەڵ ئازادیخوازانی سەرانسەری وڵاتەکەمان دەگەڕێتەوە.

**ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران (اکثریت) بۆ کۆنگرەی ١٠ی حیزب**

ـ. . . حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوەو درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆی دەدا.

بێگومان ڕەمزی مانەوەی حیزبەکەتان ئەو ئامانجە ڕەوایانەن کە ریشەیان لە ڕەنجو مەینەت و ئاواتو ئارەزووەکانی گەلی کورد دان.

**ڕێکخراوی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران بۆ کۆنگرەی ١٠ی حیزب**

ـ. . . حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو خەباتە دوورو درێژو پڕ لە هەورازو نشێوەدا، سەختیو دژوارییەکی بێ حیسابی چێشتوە. قوربانییەکی زۆری داوە کە لە نێو ئەو قوربانییانەدا بێجگە لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر پێشمەرگەو کادرو ئەندامی چالاکی حیزب، ڕێبەرانی پایەبەرزی حیزب وەك نەمران قازی محەمەد، د. قاسملووو د. شەرەفکەندی دەبینرێن.

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆرشگێری ئێران (راە کارگر) بۆ کۆنگرەی ١٠ی حیزب**

ـ . . . ئێمە وەك لەچوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ نێو ئینترناسیۆنال سوسیالیست ئەو بنەماڵە جیهان داگرەی پێکهاتوو لە حیزبە دیمۆکراتەکان پشتیوانیمان کرد، هەر بەم شێوەیەش لە خەباتتان بە مەبەستی دەست ڕاگەیشتن بە مافی وەك یەك، لە بەربەرەکانیان دژی سەرکوت لە نیشتمانەکەتانو ڕاونرانتان لە دەرەوەی وڵات دا پشتیوانتانین.

**حیزبی سوسیالیست دیموکراتی ئەڵمان بۆ کۆنگرەی١١ی حیزب**

ــ. . . ئێمە لەو باوەڕەداین کە پتەوکردنو پەرەپێدانی زیاتری خەباتی لێبڕاوانەی گەلی کوردستان لە کوردستانی ئێران دا، تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە یەکیەتیی ریزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دۆستی هەرە نزیكو دیرینمان ئەوە لە کانگای دڵمانەوە هیوای سەرکەوتنو شکۆمەندیی بۆ دەخوازینو دڵنیاشین لەوە کە شەهیدە هەرگیز نەمرەکانیش، پێشەوای نەمر، د.قاسملووو د. شەرەفکەندی، بەم هەنگاوە مەزنە ئاواتی باڵایان دێتە دی.

**حیزبی شیوعیی کوردستان بۆ کۆنگرەی١٠ی حیزب**

ـ. . . حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بۆ بە ڕەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد خەبات دەکا.

**حیزبی کومونیستی فەرانسە بە بۆنەی چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزب**

ـ . . . حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە، بەبەرز ڕاگرتنی ئالای خەباتو دانی قوربانییەکی زۆر لەوانە نەمران عەبدولڕەحمان قاسملوو و سادق شەرەفکەندی بە حەق وەك هێزی پێشڕەوی خەباتی گەلی کورد لە ئێرانو دنیادا ناسراوەو ڕێزی لێدەگیرێ.

**حیزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی حیزب**

ـ . . . ئەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەی بەو واقعییەتە سیاسییە بردوە کە تەنیا ڕێگای وەدیهێنانی مافی چارەنووسو ژیاندنەوەی مافە پێشێلکراوەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران، جێگیربوونی دیموکراسی سیاسیو حکوومەتێکە کە بە دەنگو ئیرادەی ئازادی میللەتی ئێران هاتبێتە سەرکار نیشانەیەکی دیکە لە باوەڕو متمانەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە دیموکراسییە.

**عەبدولکەریم لاهیجی بە بۆنەی ٥٠ساڵەی حیزب**

ـ . . . حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا هەورازو نشێوی زۆر دیشواری بڕیوەو بەسەر گەلێك کەندوکۆسپ دا کە هاتۆتە سەر ڕێگەی خەبات زاڵ بووەو خۆی ڕاگرتوە مەیدانی خەباتو تێکۆشانی چۆڵ نەکردوەو ئالای شۆرشی هەروا شەکاوە ڕاگرتوە.

**شێخ عێزەدین حسێنی بۆ کۆنگرەی ١٠ی حیزب**

ـ. . . حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ئەو حیزبەی چەندین ساڵە شەرەفی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستانی ئێرانی لە ئەستۆ بووەو بەوپەڕی وەفاداریو لێوەشاوەیی بەنێو تونێلە تاریكو هەورازە سەختەکان دا گوزەری پێ‌داکردوەو هەر بۆیە ئەمڕۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران جێگاو مایەی ئومێدی نەك هەر کوردستانی ئێران بەڵکوو هەموو لایەکمانە.

**عەزیز محەممەد بۆ کۆنگرەی ١٣ی حیزب**

ــ . . . ئێمە دڵنیاین کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا هەروا پێشەنگی کاروانی نەپساوەی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لەو بەشە دابەشکراوەی کوردستانی دیکە. بۆیە ڕێزگرتن لە خەباتی ئێوە ڕێزگرتنە لە خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان ـ نۆروێژ بە بۆنەی ٥٠ ساڵی حیزب**

ــ. . . مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی گەورە پیاوانی وەك "قازی محەمەد"ەکانو "قاسملوو"ەکان ڕازاوەتەوە. ئەمڕۆ حیزبی دیمۆکرات لە ژێر سایەی خەباتی لەخۆبوردوانەی خۆیدا نەك هەر بۆتە جێگای هیواو ئاواتی گەلی کورد، بەڵکوو لە دڵی هەموو نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران بۆ وێنە لەوانە گەلی تورکمەن دا جێگای خۆی کردۆتەوە.

**کانوونی فەرهەنگی ـ سیاسیی گەلی تورکمەنی ئێران بەبۆنەی ٥٠ ساڵەی حیزب**

ـ . . . حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەو حیزبەیە کە بە مەشغەڵی خەباتو تێکۆشانو قوتابخانەی هەزارەها شۆرشگێرو سەدان سەرکردەی ناسراوە، ئەو بیرو هۆشە زێندەیە کە هەمیشە لە هەوڵو کۆشش دایە بۆ بەدیهێنانی ئاواتو ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەمان.

**کومیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان بریتانیا بۆ کۆنگرەی ١٣ی حیزب**

ــ . . . یەکیەتیی شۆرشگێڕانی کوردستان هەر لە زووەوە، ڕێزی بایەخی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان لە خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا زانیوەو بەسەرکەوتنی دڵخۆشو لەخەمو تالییەکانی لە ڕێگەی خەبات دا هاودەردو بە پێی توانا پشتیوانی بوون.

**کومیتەی ناوەندی یەکیەتیی شۆرشگێرانی گەلی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٢ی حیزب**

ـ. . . ئۆگریی حیزبی دیمۆکرات بە تەمرینی دیموکراسی تەنانەت لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا بۆ حیزبەکەتانو گەلی کورد مایەی شانازییە.

**کەنداڵ نەزان سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی حیزب**

ـ . . . ئێمە لە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستاندا هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکەین کە پاش دامەزراندنی یەکیەتیی لە ١٩٧٥/٦/١دا، یەکەم حیزب ئێوە بوون کە پێوەندیمان لەگەڵ کردنو داوای دۆستایەتیو هاوکاریمان کرد لەگەڵتان. ئێستاش سیاسەتی ئێمە لەو بارەیەوە نەگۆڕاوە، مێژووی پێوەندییەکانی نێوانمان لە ڕابردوو بەڵگەن بۆ ئەم ڕاستییە کە ئێمە هەمیشە بۆ یەکتر پشتو پەنا بین.

**پەیامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٠ی حیزب**

ــــ . . . حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی پیرۆزی پڕ خەباتو تێکۆشانی ڕوونی هەیەو ساڵەهای ساڵە فیداکاریو خەبات ئەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکرات داو جێگای ڕێزو پشتیوانیی جەماوەری کوردستانە.

**پەیامی دوکتور مەحموود عوسمان بۆ کۆنگرەی ١٠ی حیزب**

ــ . . . مێزەر بەسەرانی کۆماری ئیسلامی وایان دەزانی بە کوشتنی هاوڕێیان د.قاسملوو و د. شەرفکەندیو ڕێبەرانو کادرەکانی دیکەی بزووتنەوەی کوردستان دەتوانن لە ڕەوتی جووڵانەوەی مێژوویی حیزبی دێمۆکرات لە مەیدانی خەباتی دیموکراتیکی هێزەکان ئۆپوزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا کۆسپێك پێك بێنن، بەڵام درێژەی چالاکیی دلێرانەی پێشمەرگە کوردەکانو هەبوونی تێکۆشانی حیزبی دیمۆکرات لە هەموو مەیدانەکان دا، نیشانەی زێندوویی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە.

**پەیامی مێهدی خانبابا تێهرانی بۆ کۆنگرەی١١ی حیزب**

ـ . . . حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بزووتنەوەی کوردستان دا جێو شوێنی تایبەتیی هەیە. یەکێك لە ئاواتە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان لە شاری مەهاباد وەدیهات، کۆماری کوردستان کە بەرهەمی نەتەوەی کورد بە گشتیو چالاکیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی بوو، ڕووداوێکی مێژووییە کە بۆ هەمیشە یاری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو قازی محەمەد لە مێژوودا دەهێڵێتەوە.

**ناوەندی ڕاگەیاندنو بەڵگەنامەی کوردی ـ ئەڵمان بە بۆنەی دامەزرانی حیزب،**

ــ. .. خەباتی ساڵانی حیزبی دێمۆکراتی تێکۆشەرو ئەو قوربانییانەی کە لە ڕێگای بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا داونی، جێگای شانازیی گەلەکەمانو هۆیەکی سەرەکین لەبەردەم بوونی خەباتو کۆڵنەداندا.

**پەیامی نەجمەددین کەریم سەرۆکی کورد لە واشنگتۆن بۆ کۆنگرەی ١٣ی حیزب**

ـ. . . بەو ناسیاوییە کە لە دوورو نزیکەوە لە سەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەمە، لە سەرکەوتنی ئێوەو گەیشتنتان بە ئامانجی دێمۆکراسی بۆ ئێرانداو خودمۆختاری بۆ کوردستاندا گۆمانێکم نیەو لەسەر ئەو باوەڕەم کە حیزبی ئێوە لە ڕێگای وەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا نەخشێکی گەورە بەڕێوە دەبا.

**نووری دێهکوردی بۆ کۆنگرەی ٩ی حیزب**

ـ. . . حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کاتی پێکهاتنییەوە تا ئێستا لە ژێر هەلومەرجی زۆر سەختو دژواردا، بۆ ئەو مەبەستەو هەروەها بۆ پەرەپێدانو دەستەبەرکردنی هەلومەرجێکی لەباری سیاسیو کۆمەڵایەتی کە بەردەوام بۆ باشتر کردنی وەزعی ژیانو حقووقی ـ سیاسیی گەلی کورد بە گشتیو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی تێکۆشاوە.

**هاینس فیشر سەرۆکی پارلمانی**

ــ. . . یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی حیزبی دێمۆکرات کە هەمیشە بۆتە جێگای ئافەرینی من، واقبینیی حیزبەکەتانە. کوردستان لە ئابلۆقەی کۆمەڵێك نەتەوەدایە کە بە دەست خۆبەزلزانیو خۆپەرستیو ناسیۆنالیزمی توندرەوەوە دەناڵن. لە درێژخایەندا، گەورەترین هێزی ئێوە ئەو هەست کردن بە شانازییە کە جوامێریتان، دلێرو ئازایاتیتان، پاکیو عەقڵمەندیتان، لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکان دا جێگیر کردوە.

**هەژێر تەیمووریان بۆ کۆنگرەی ١٠ی حیزب**

ــــ . . . حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی پێشینەی خاوێنو دوورو درێژی خەباتو، هەروەها بە هۆی شوێنو هەڵکەوتی گرنگی لە مەیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستادا ئەرکێکی گەورەی مێژوویی لەسەرشانەو کوردان نەك هەر لە کوردستانی ئێران، بگرە لە پارچەکانی دیکەش چاویان بڕیوەتە خەباتو تێکۆشانی ئەو حیزبە.

**پەیامی کوردان ـ سوئێد بۆ کۆنگرەی ١٢ی حیزب**

ـ . . .گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی بەربەرەکانی بە دژی دیکتاتۆریی دەسەڵاتدار لە ئێراندا، چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا قورسترین نرخی داوەو مافی خۆیەتی ئەمڕۆ وەك لکۆموتیوی خەباتی گەلانی ئێران بناسرێ.

**یەکیەتیی عەشایری باشوور بۆ کۆنگرەی ١٣ی حیزب**

# بزاڤی کوردی و ئەزموونی شێوازێکی نوێ لە خەبات

رامبود لوتفیپووری

بزووتنەوەی کورد وەك بزاڤی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیەك کە خوازیاری گۆڕانی بناغەیی لە هاورێکی و بارودۆخی ئارایی و سیستم و شێوازی دەسەڵاتداری و بەدەستەوەگرتنی چارەنوسی خۆیەتی، تارادەیەکی زۆر پەرچە کرداری ستەم و چەوساندنەوەی دەسەڵات و نەتەوەی سەردەستی فرمانرەوایە. ئەم بزاڤە بەرهەمی کەلێنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە کە بە هۆی هەندێك فاکتەری وەك هەڵاواردنی سیاسی، ئابووری، ئایینی، نەتەوەیی و ...یەوە لە نێوان کورد و نەتەوەی فارس یا سیستمی دەسەڵاتداریی ئێران دا پێك هاتوە. بە پێی تیۆریی "بێبەشبوونی رێژەیی""گێر" یەکێك لە هۆکارە سەرکییەکانی سەرهەڵدانی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد و هەڵچوونی جەماوەریی ئەم نەتەوەیە راستەوخۆ دەگەرێتەوە بۆ هەستکردنی کورد بە بوونی ناهاوسەنگییەك لە نێوان چاوەڕوانییە بە هاییەکانی وکاراییە بە هاییەکانی دەوروبەریدا، واتە بە شێوەیەکی رەوا خۆی بە شایانی ژیان لە هەلومەرجێکدا دەزانێ کە دەوروبەری سیاسی و کۆمەڵایەتی رێگای ئەوەی پێ نادا. ئەمەیش لە خۆیدا بۆتە هۆی دروستبوونی ناڕەزایەتی و تۆندوتیژی لای کورد و سەرهەڵدانی بزاڤێکی سیاسی، نەتەوایەتیی رادیکاڵ لای ئەم نەتەوەیە. لە هەر سەردەمێکدا کە بێبەشبوونی رێژەیی توندتر و زۆرتر بوو بێ، دژکردەوە و توندوتیژیی کوردیش سیمایەکی توندتر و رادیکاڵتری بە خۆوە دەگرێ.

دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستاندا چ لە سەردەمی پەهلەوی و پێشتر و چ ئێستایش سیاسەتی چەوسێنەرانەی جۆراوجۆری وەك لە نێو بردن، تۆقاندن، دەرکردن و تواندنەوەیان بەرامبەر بە کورد گرتۆتەپێش، کە ئەمەش بۆتە هۆی دژکردەوەی کورد بە شێوەی خۆجیاکردنەوە لە دەسەڵات و کۆمەڵگای ئێرانی واتا هەستکردنی بە جیاوازیی بەرژەوەندی، هەروەها پێکهێنانی رێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە مەبەستی بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆی و تەنانەت هەڵبژاردنی بە ناچاریی رێبازی توندوتیژی وەك شەری چەكداری .

بارودۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان فاکتەرێکی دیکەی بە هێزبوونی بزاڤی نەتەوایەتیی کوردە کە بۆتە هۆی یەکیەتی و لێك نزیکبوونەوەی بیروڕای خەڵك و پێکهاتنیان لە سەر درێژە دانی خەبات و هەوڵدان بۆ سەرخستنی. ناڕەزایەتی بەربڵاو لە باری ژیانی ئابووری، نەبوونی ئازادی و ئاسایش، بێ سەروبەری و بێدادی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە لە خۆنامۆ بوون و بێ شوناسی، سەمەدێکی"ئەنگیزە" بەهێزیان بۆ درێژەدان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی و پێوەندیکردن بە شۆڕشەوە، لای تاکی کورد خولقاندوە. ئەم بارودۆخە لە لایەك و لەلایەکی دیکەش گەنج بوونی حەشیمەتی کوردستان، بۆتە هۆی دروستبوونی کەسایەتی‌یەکی نەترس و رادیکاڵ لە تاکی کورددا کە تەنیا رێگەی رزگاریی خۆی لەو بارودۆخە نەرمی هەڵنەگرە لە بەشداری لە بزاڤی نەتەوەیەتیدا دەبینێ.

لە لایەکی دیکەش پەرە ئەستاندنی پەروەردەو فێرکردن باندۆرێکی قووڵی کۆمەڵایەتی لە سەر دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگای دواکەوتووی ئێران داناوە. بە پێی بۆچوونی"هانتیگتۆن" پەرەردەو فێرکردن گەلێك خێراتر لەوەی کە وڵات و دەسەڵاتە سیاسی‌یەکەی توانای جێبەجێ کردنیانی هەبێ، کۆمەڵێك داخواز و چاوەروانیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خەڵکدا پێك دێنێ، لەم کاتەدایە کە سیستمی گشتگیری پەروەردەو فێرکردن نەك هەر نابێتە هۆی دابینبوونی خواست و پێداویستییە سیاسییەکان و پێکهێنانی یەکدەستی‌و تەبایی بەڵکوو توێژێکی ناڕازی‌و تێکدەری باری ئارامیی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە کە پەروەردەو فێر کردن بواری جێگۆڕکێی کۆمەڵایەتی بۆ رەخساوندون. بەشێکی زۆری بەشدارانی بزووتنەوەی کوردی سەر بەم توێژەن.

پەروەردەو فێرکردن جگە لەمە رۆڵ و کاریگەری‌یەکی بەرچاویشی لە گەشەو بووژاندنەوەی بیری نەتەوایەتیی کورد دا هەبووە، وەك ئاماژەمان پێ کرد، بزاڤی نەتەوایەتیی کورد یا بڵێین سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی سەرەتا وەك دژکردەوەیەکی رزگاریخوازانە بەرامبەر ستەم و چەوساندنەوەی داگیرکەر، دەسەڵات و نەتەوەی دەسەڵات بەدەست دەرکەوت کە زیاتر خۆی لە چوارچێوەی هەندێك راپەڕینی خێڵەکی و ئایینی‌دا دەردەخست، بەڵام هەندێك فاکتەری وەك نیشتەجێکردنی خێڵەکان لە لایەن رەزاشاو بەرێوە بردنی پرۆژەی چاکسازیی ئەرزی لە لایەن حەمەرەزا شاوە بوو بە هۆی دروستبوونی چینێکی وردەبورژوای شاری کە بە کەڵك وەرگرتن لە پەروەردە و فێرکردن ئاستی هوشیاری و زانیارییان گەشەی کردبوو، لە نێو ئەم چینەدا توێژێکی بژاردەی خاوەن بەهرەی زانستی سەریان هەڵدا کە پەروەردەی ئەو قوتابخانە و زانکۆگەلە بوون کە ئەگەر چی لە ئێران بەڵام بە مۆدێلی رۆژئاوایی پێك هاتبوون، بەرەبەرە ئەم توێژە جێگای بژاردەی نەریتیی پێشووی کۆمەڵگای کوردیان گرتەوەو بوون بە ماکەی دروستبوونی ناسیۆنالیزمی مۆدێڕنی کوردی، راستە کە ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن لە ئەورووپا بەرهەمی چینی بورژوا و سەرمایەداریی شاری بوو، بەڵام لە کوردستاندا ئەم توێژە نوێیە بە کەڵك وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی رۆژئاوا، بۆشایی ئامادەنەبوونی ئەو چینەی لە کوردستاندا پڕ کردەوە دواتریش شۆڕشی ئینفۆرماتیك و بە جیهانی بوونی ئامرازەکانی راگەیاندن لە بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردو بەهێز کردنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا رۆڵێکی پۆزەتیڤی گێڕا،لە بەر ئەوەیکە ئەگەر چی کورد خاوەن چینێکی بورژوای بە هێز نەبوو کە ئامرازەکانی راگەیاندن و شوناس سازی بۆ پێك بێنێ و داگیرکەرانیش رێگای شتێکی ئەوتۆیان نەدەدا، بەڵام شۆڕشی ئینفۆرماتیك ئەو ئامرازانەی بە نرخێکی هەرزان خستە خزمەتیەوە، بەم شێوەیە بیری نەتەوەیی کورد گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینی و هوشیاریی ئەم نەتەوەیە بەرامبەر ماف و ئازادییەکانی بەرز بووەوەو تاکەکانی کورد لە چەوساوەیی و ئازاری هاوبەشیان تێگەیشتن، ئەمەش بوو بە فاکتەرێك بۆ بەهێز بوونی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد،"فرانتس فانۆن" گوتەنی، شۆڕشی راستەقینە لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ هەست بە ئازارەکانی دەکاو لە ناخی خۆیدا ستەم و چەوساندنەوە رەد دەکاتەوەو بە ئازادی دەگا لەو کاتەدا هیچ دەسەڵاتێك توانای داگیرکردنی ئەوی‌نیە.

بە جیهانیبوونی ئامرازەکانی راگەیاندن لە پێکهێنانی گیانی نەتەوەیی کوردیدا رۆڵێکی حاشا هەڵنەگری بووە، لە دەرکەوتە هەرە بەرچاوەکانی ئەم راستییە، کاریگەریی رووداوەکانی هەر کام لە پارچەکانی کوردستانە لە سەر پارچەکانی دیکە، بۆ وێنە راپەڕینی خەڵکی کورد لە قامیشلۆ، چەسپاندنی فیدراڵی لە کوردستانی عێراق، بە سەرکۆماری بوونی مام جەلال لە عێراق، هەڵبژاردنی کاك مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، کارەساتی ١ی شوبات و... هەر کام بە شێوەیەك هەڵوێستی خەڵکی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی لە گەڵ بوو.

### سەر هەڵدانی مەهاباد و تەشەنەکردنی بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان:

مەهاباد وەك بەشێك لەو کوردستانەی کە گوتمان پێکهاتەیەکی حەشیمەتیی گەنجی هەیە، پایتەختی یەکەمین و تەنیا کۆماری کوردی تا ئەم سەردەمەیە و بەردەوام لانکەی شۆڕش و پتەوترین مەتەرێزی خەباتی کوردایەتی بووە، بەرز بوونی هەستی نەتەوایەتی وخۆشەویستیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وەك نوێنەری ئەم شێوە خەباتە لە کوردستانی ژێردەستی ئێران لای خەڵکی مەهاباد، جەماوەرێکی شۆڕشگێر و هەمیشە ئامادە بۆ خەباتی لێکەوتووەتەوە. لە لایەکی دیکەش زەبرو سەرکوتەکانی رێژیم، هەڵاواردنی هەمە لایەنە، باری نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئازادی بیروڕاو داخرایی کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵێك فاکتی دیکەش خەڵکی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە تا کورد بۆ خۆی چارەنووس و بەرێوبەریی خۆی بەدەستەوە نەبێ، هیچ ئاسۆیەك بۆ پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگاکەی بەدی‌ناکرێ. سەرەڕای ئەمەش دەسەڵاتەکانی ئێران بە گشتی و کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ئامادە نەبوونەونین کە دان بە مافەکانی کورددابنێن و ئاوڕێك لە باری نالەباری ئابووری و سیاسی کوردستان بدەنەوە، بۆیە بەردەوام خەڵك لە هەل و دەرفەتێك بۆ راپەڕین و پێشاندانی ناڕەزایەتیی خۆیان دەگەرن، لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا لاوێکی شۆڕشگێری ئەم شارە بە نێوی شوانەی سەید قادر بە نامرۆڤانەترین شێوە و لە ژێر ئەشکەنجەدا بە دەست هێزە سەرکوتکەرەکانی رژیم شەهید دەبێ.

بڵاوبوونەوەی وێنە دڵتەزێنەکانی ئەم شەهیدە، خەڵکی وەزاڵەهاتوو دەورووژێنێ و وەك فاکتەرێکی خێرایی بەخش بواری سەرهەڵدان و راپەڕین دەرەخسێنێ، خۆپیشاندانی خەڵك لە سەرەتا بە شێوەیەکی هێمن بەرێوە دەچێ لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە کە قەت لە گەڵ کولتووری شارستانییەت و نەرمی کێشان ئاشنا نەبوونە، بەرەورو دەبێ و راپەڕینێکی خوێناویی لێدەکەوێتەوە. رێکەوتنی ئەم رووداوە لە گەڵ ٢٢ی پووشپەر سالڕۆژی تیرۆری رێبەی هەر دەم زیندووی کورد د.قاسملوو ئەوەندەی دیکە ئاگری خەباتەکە بەتینتر دەکات و سەمەدێکی بە هێز بۆ درێژەدان بە خۆپیشاندانەکان دەخولقێنێ. هەر وەك خودی کاربەدەستانی رێژیمیش دانیان پێداناوە خەڵك لە مێژ بوو کە خۆیان بۆ راپەڕینێك لەو رۆژەدا ئامادە دەکرد."گەراوەند" بەرپەرسی هێزە ئینتیزامی‌یەکانی رێژیم لە ناوچەی ئازەربایجانی رۆژئاوا دەڵێ: نائارامییەکانی مەهاباد پێوەندی بە ساڵیادی تیرۆری قاسملووەوە هەبوو... ئیتلاعاتی مەهاباد٦ رۆژ پێش کوژرانی شوانە رایگەیاندبوو کە لە رۆژی ٢٢ی پووشپەردا، بارودۆخی مەهاباد دەشێوێ."

لێرەداخاڵی هەرە گرینگ ئەویە کە راپەڕینی مەهاباد وەك بەشێك لە بزاڤی سەرتاسەریی کوردستان تەنیا لەم شارەدا قەتیس نامێنێتەوەو بەرەبەرە شارەکانی دیکەش دەگرێتەوە. گیانی نەتەوەیی و هاوخەمیی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد وادەکا کە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانیش بۆ داکۆکی لە خەڵکی مەهابادو ویستەکانیان کە ویستی تێکڕای نەتەوەی کوردە، بێنە سەر شەقام و لە گەڵ دەربڕینی ڕقو توورەیی خۆیان لە رژیم و هاوخەمی لە گەڵ خەڵکی مەهاباد، ئاگری شۆڕشێکی نوێ بەرپا بکەن کە تەختی داگیرکەری پێ بسووتێ.

راپەڕینی بەرینی شارەکانی کوردستان کە لە مەهابادەوە دەستی پێکردو شارەکانی پیرانشار، شنۆ، سەردەشت، بانە، دیواندەرە، سنە، سەقز، مەریوان، پاوە، سەرپێڵ زەهاو، کامیاران، کرێند، بۆکانو شوێنەکانی دیکەی گرتەوە، هەڵگری ئەو پەیامەیە کە خەڵك و هێزە سیاسییەکانی کوردستان شێوازێکی نوێ لە خەبات واتا خەباتی سەر شەقام تاقی دەکەنەوەو بە پشتبەستن بە مێژووی پڕ لە سەرووەری و کۆڵنەدانیان و بەتایبەت ٦٠ ساڵ تێکۆشان و خەباتی سیاسی مۆدێرن، ئەم جارەو بە پێی هەلومەرجی ئارایی شێوازێکی نوێ ئەزموون دەکەن.

نەتەوەی کورد لەم راپەڕینە سەرتاسەرییەی دوایی‌دا کە هێشتا بەردەوامە سەلماندی کە وەك نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕی راستەقینە قەت لە خەبات و شۆڕش دانابڕێ و توانای ئەوەی هەیە کە بەردەوام شۆڕشەکەی لەگەڵ هەلومەرجی ئارایی بگونجێنێ و رێگا بە داگیر کەران نەدا بە بەستنی رێگایەك رێگای خەبات و گەیشتن بە ئامانجی لێ دابخەن.




**بزووتنەوەی کورد وەك بزاڤی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیەك کە خوازیاری گۆڕانی بناغەیی لە هاورێکی و بارودۆخی ئارایی و سیستم و شێوازی دەسەڵاتداری و بەدەستەوەگرتنی چارەنوسی خۆیەتی، تارادەیەکی زۆر پەرچە کرداری ستەم و چەوساندنەوەی دەسەڵات و نەتەوەی سەردەستی فرمانرەوایە. ئەم بزاڤە بەرهەمی کەلێنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە کە بە هۆی هەندێك فاکتەری وەك هەڵاواردنی سیاسی، ئابووری، ئایینی، نەتەوەیی و ...یەوە لە نێوان کورد و نەتەوەی فارس یا سیستمی دەسەڵاتداریی ئێران دا پێك هاتوە**

**راپەڕینی بەرینی شارەکانی کوردستان کە لە مەهابادەوە دەستی پێکردو شارەکانی پیرانشار، شنۆ، سەردەشت، بانە، دیواندەرە، سنە، سەقز، مەریوان، پاوە، سەرپێڵ زەهاو، کامیاران، کرێند، بۆکانو شوێنەکانی دیکەی گرتەوە، هەڵگری ئەو پەیامەیە کە خەڵك و هێزە سیاسییەکانی کوردستان شێوازێکی نوێ لە خەبات واتا خەباتی سەر شەقام تاقی دەکەنەوەو بە پشتبەستن بە مێژووی پڕ لە سەروەری و کۆڵنەدانیان و بەتایبەت ٦٠ ساڵ تێکۆشان و خەباتی سیاسی مۆدێرن، ئەم جارەو بە پێی هەلومەرجی ئارایی شێوازێکی نوێ ئەزموون دەکەن**

# ٦٠ ڕووداوی گرینگی مێژووی ٦٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات

ئامادەکردنی: م. ڕەوانپاک

**١ــ** ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لە سەر بناخەی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف.

**٢ــ** ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤، پێکهاتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزب. نوێنەران لە ئاگرییەوە هەتا بۆکان لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون.

**٣ـ** ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤، چەککرانی شارەبانی وەك دوا نیشانەی دەوڵەتی مەرکەزی لە مەهابادو پێکهاتنی سوپای میللیی کوردستان وەك هێزی پێشمەرگە.

**٤ــ** ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە میتینگێکی گەورەدا بە بەشداریی نوێنەرانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد. قازی محەممەد پێشەوای حیزب هەر لەو میتینگەدا بە سەرۆككۆمار دیاری کرا.



**٥ــ** ٣ی بانەمەری ١٣٢٥، ئیمزاکرانی پەیمانی دۆستایەتیو هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستانو حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا.

**٦ــ** ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥، هاتنەوەی لەشکری شا بۆ مەهابادو کۆتایی هاتن بە تەمەنی کۆماری کوردستان. لەشکری تاران پاش تەسلیمبوونی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، لە٢١ی سەرماوەزدا شاری تەورێزی گرتبۆوە.

**٧ــ** ٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٥، ئیعدامی ١١کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەرەك عەشیرەتەکانی فەیزوڵڵابەگیو گەورك لە شاری سەقز. ئیعدامی عەلی بەگی شێرزاد فەرماندەری هێزی پێشمەرگەی بۆکان لە شاری بۆکان.

**٨ــ** ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦، لە سێدارەدرانی قازی محەممەدو هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهابادو چەند ڕۆژ پاشتر، ئیعدامی چوار ئەفسەری سوپای میللیی کوردستان.



**٩ــ** زستانی سالی ١٣٣١، سەرکەوتنی بەرچاوی کاندیدای حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد لە هەڵبژاردنی دەورەی ١٧ی مەجلیسی شوورادا. ئەو هەڵبژاردنە لە لایەن دەوڵەتەوە هەڵوەشایەوەو ئیمام جومعەی تاران وەك نوێنەری مەهاباد لە مەجلیس دیاری کرا، بێ ئەوەی کەس لە مەهاباد بیناسێ.

**١٠ــ** زستانی سالی ١٣٣١، ڕاپەرینی جووتیارانی ناوچەی موکریان بە دژی زوڵمو زۆری ئاغاو دەرەبەگەکان لە پێوەندی لە گەڵ تێکوشەرانی حیزبی دێموکراتدا. ئەو ڕاپەرینە لە لایەن دەرەبەگەکانەوە بە هاوکاریی لەشکری شا سەرکوت کرا.

**١١ــ** ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٣٢، پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتی لە خەڵك لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە لە شاری مەهاباد بۆ پشتیوانی لە لابردنی شا کە هەلاتبوو بۆ بەغدا. ٣ ڕۆژ دواتر لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا، شا بە دوای سەرکەوتنی کودیتای نیزامی بە دژی"مصدق"دا گەڕایەوە بۆ ئێران.

**١٢ـ** جۆزەردانی سالی ١٣٣٤، پێکهاتنی یەکەم کۆنفرانسی حیزب. لەم کۆنفرانسەدا بڕیار درا حیزبی دێموکرات پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی لە گەڵ حیزبی توودە بپسێنێ.

**١٣ــ** خەزەڵوەری سالی ١٣٣٨، هێرشی بەربلاوی ساواك بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزب، لەم هێرشەدا نزیك بە ٢٥٠ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لە سەرانسەری کوردستانی ئێران گیران.

**١٤ـ** سەرماوەزی سالی ١٣٤٣، پێکهاتنی کۆنگرەی دووهەمی حیزب، ئەم کونگرەیە جۆرێك لادان لە ڕێبازی دروستی سەربەخۆیی حیزب بوو.

**١٥ــ** ساڵەکانی ٤٧ــ ٤٦، ڕاپەرینی چەکدارانە لە لایەن هێندێك لە کادرەکانی حیزب کە کومیتەی شورشگێری حیزبیان پێك هێنابوو. ئەم ڕاپەرینە خوێناوییە ١٨ مانگی خایاندو لە لایەن ڕیژیمی شاوە سەرکوتکراو بەشی زۆری بەڕێوەبەرانی شەهیدکران.

**١٦ــ** پووشپەری ١٣٤٨، کونفرانسی دووهەمی حیزب.

**١٧ـ** ڕێبەندانی ١٣٤٩، دەرچوونی یەکەم ژمارەی دەوری ئێستای "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزب. لەو کاتەوە تا ئێستا "کوردستان" ٤١٩ ژمارەی بە دوو زمانی کوردیو فارسی بلاوبۆتەوە.

**١٨ــ** جۆزەردانی ١٣٥٠، پێکهاتنی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب. ئەم کۆنفرانسە کۆنفرانسی یەكگرتنەوەو گەرانەوەی حیزب بۆ سەر ڕێبازی ئوسوولیی خۆی بوو.

**١٩ــ** ڕەزبەری سالی ١٣٥٢، پێکهاتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب. پەسەندکرانی بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی تازەی حیزبو هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی.

**٢٠ـ** ١٧ی جۆزەردانی ١٣٥٧، خۆپیشاندانی گەورە لە مەهاباد بە بۆنەی سێ ڕۆژانەی ناشتنی تەرمی هاوڕێ عەزیز یوسفی. ئەم خۆپیشاندانە سەرەتای دەستپێکردنی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی دواتری خەڵکی کوردستان بە دژی ڕیژیمی شابوو.

**٢١ــ** پاییزی ٥٧، گەڕانەوەی بەشێك لە ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ نێو وڵات.

**٢٢ــ** ٣٠ڕێبەندانی ٥٧، گرتنی پادگانی مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بە یارمەتیی ئەرتەشیە شۆرشگێڕەکان، ٨ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئێران.

**٢٣ـ** ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧، خۆپیشاندانی سەدهەزار کەسی لە ستادیۆمی وەرزشیی مەهاباد. لەم خۆپیشاندانەدا حیزب تێکۆشانی ئاشکرای خۆی بە ڕەسمی ڕاگەیاند.




**٢٤ـ** نەورۆزی ١٣٥٨، سازبوونی شەر لە سنە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستەوە، ئەوە یەکەم شەری ڕیژیمی تازە دژی گەلی کوردو داخوازەکانی بوو.


ئێعدامی خەڵکی سنە (١٣٥٨)

**٢٥ـ** ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨، تەقە لە کۆبوونەوەی حیزبی دێموکرات لە نەغەدەو سازبوونی شەڕێکی خوێناوی.

**٢٦ـ** ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨، ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد بە دوای شەر لە پاوەدا، قەدەغە کرانی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتو دەست پێکردنی شەرێکی سەرانسەری لە کوردستان کە بە شەری سێ مانگە ناوی دەرکردوە.

**٢٧ـ** ٢٦ی خەزەڵوەری ٥٨، دەرچوونی پەیامی خومەینی لە سەر کوردستان، ئەو پەیامە بە کردەوە بە مانای دان پێدانانی ڕیژیم بە شکستی خۆیو کۆتایی هاتنی شەری سێ مانگە بوو.

**٢٨ـ** ٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٥٨، پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب بە بەشداریی ٣١٠ نوێنەر لە مەهاباد. ئەم کۆنگرەیە پاش ٣٤ سال یەکەم کونگرەی ئاشکرای حیزب بوو.

**٢٩ـ** ڕەشەمەی ١٣٥٨، دەستپێکرانی شەڕ لە کامیارانو شارەکانی دیکەی کوردستان کە بوو بە شەڕێکی سەرانسەری دژی گەلی کورد، شەرێك کە ئێستاش درێژەی هەیە.

**٣٠ـ** ڕەشەمەی ١٣٥٨، سەرکەوتنی زۆربەی کاندیداکانی حیزبی دێموکرات بۆ مەجلیسی شوورای میللی لەو شوێنانەی کوردستان کە هەڵبژاردن بەرێوە چوو.

**٣١ـ** ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩، جیابوونەوەی تاقمی ٧کەسی لە حیزب بە هاندانی حیزبی توودە. ئەوانە ٦ کەسیان ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوون. لە خۆپیشاندانێکی گەورە لە ڕۆژی ١ی پووشپەڕی ١٣٥٩دا لە شاری مەهاباد ئەم کارە بە خەیانەت دانراو مەحکووم کرا.

**٣٢ـ** ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩، دەست بە کارکردنی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران.

**٣٣ـ** ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٠، پێکهاتنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب. ئەو کۆنگرەیە دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی پەسند کرد.

**٣٤ــ** جۆزەردانی ١٣٦٢، ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لە لایەن ڕیژیمی کۆماری ئیسلامییەوە.

**٣٥ــ** ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢، پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزبو پەسەندکردنی سوسیالیزمی دێموکراتیك وەك ئامانجی دوارۆژ.

**٣٦ـ** ٣٠ـ ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤، پێکهاتنی کۆنگرەی حەوتەم.

**٣٧ـ** ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٦، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سالرۆژی دامەزرانی حیزبدا لە سەر یەك چەند سەعات بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە توندترین شێوە بە تۆپو کاتیوشا کوتا. ئەم ئاگربارانە بە ڕادەیەك توند بوو کە لە ماوەی شەڕەکانی کوردستانو تەنانەت لە جەبهەکانی شەری ئێرانو عێراقیشدا کەم وێنە بوو. لەم ئاگربارانەدا ڕیژیم لە تۆپی شیمیایی کەڵکی وەرگرت.

**٣٨ ـ** ٢٨ی بەفرانبار ١٣٦٦، پێکهاتنی کونگرەی هەشتەم.

**٣٩ــ** ٢٣ تا ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٦٦، زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە کادرو پیشمەرگەکانی حیزبو بنەماڵەکانیان کە لە ناوچە سنوورییەکانی هەڵەبجەو سەید سادقو خورماڵدا لە گەڵ بۆمبارانی شیمیایی لە لایەكو هێرشی بەربلاوی نیزامیی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق لە لایەکی دیکەوە بەرەوروو بوون، بە ڕێپێوانێکی مێژوویی رزگار بوون.



**٤٠ــ** خەرمانانی ١٣٦٧ کوشتاری کەم وێنەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران بە دوای ڕاگیرانی شەری نێوان ئێرانو عێراقدا. لەم کوشتارەدا هەزاران زیندانیی سیاسی لە سەرانسەری ئێران کوژران کە لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد دەبینران.

**٤١-** ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨، تیروری سکرتێری گشتیی حیزب دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هاورێیانی لە ڤییەن بە دەستی دیپلومات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر مێزی وتووێژ.



**٤٢ــ** ١٤و ١٥ی ئوکتوبری ١٩٨٩ ( ٢٢و ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٦٨)، پێکهاتنی یەکەمین کونفرانسی نێونەتەوەیی لە سەر مەسەلەی کورد لە پاریس لە ژێر ناوی "کورد، مافی مرۆڤو کەسایەتیی فەرهەنگی"دا بە ئیبتکاری فرانس لیبرتێو ئەنستیتۆی کورد لە پاریس. ئەو کونفرانسە بە بۆنەی تێکۆشانی زۆری دوکتور قاسملوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە دنیاو هەوڵە بە نرخەکانی ئەو نەمرە بۆ پێکهاتنی کونفرانسی ناوبراو، پێشکێش بە یادی ئەو شەهیدە گەورەیە کرا.

**٤٣-** ٣١ی ئوکتوبری ١٩٨٩ ( ٩ی خەزەڵوەری ١٣٦٨)، ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش لە کۆبوونەوی خۆیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا ڕێبەری شەهیدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە ناوی کاندیدای وەرگرتنی خەلاتی سالی ١٩٩٠، بە کومیتەی خەلاتی ئاشتیی نۆبێل بناسێنێ. چەندین شەخسییەتی خاوەن سەلاحییەتی ئورووپایی بریتی لە ژمارەیەك پروفیسور، سەناتۆرو پارلمانتێر پشتیوانیی خۆیان لەو پێشنیارە ڕاگەیاند. ئەگەرچی خەلاتی ئەو ساڵە وەبەر گورباچوف کەوت، بەلام هەر ئەوە کە دوکتور قاسملوو یەکەمین کوردو یەکەمین ئێرانی بوو بۆ ئەو خەلاتە جیهانییە کاندیدا کراو بەڕاستییش شایانی بوو، بۆ حیزبی دێمۆکرات، گەلی کوردو خەڵکی ئێران جێگای شانازی بوو.

**٤٤ـ** یەکی بەفرانباری ١٣٧٠، پێکهاتنی کونگرەی نۆهەم(کونگرەی قاسملوو).

بۆ لاپەڕەی ١١ ←

درێژەی...

# ٦٠ ڕووداوی گرنگی مێژووی حیزبی دێموکرات



٤٥ـ ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١(١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢)، تیرۆری دوکتور صادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانی لە بێرلین بە هۆی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی.

٤٦ـ ٢٣ی ڕەشەمەی ١٣٧١، بومبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیو نەخۆشخانەی ئازادیو ماڵو مووچەی خەڵکی دەوروبەر لە لایەن کۆماری ئیسلامیی‌یەوە کە شەهیدبوونی چواری تێکوشەری حیزبی بە دواوە بوو. ئەو بۆمبارانە سەرەتای هێرشی ئاشکرای نیزامیی کوماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراقو دەستێوەردانی بێ‌پەردەی ئەو ڕیژیمە لە کاروباری ئەو بەشەی کوردستاندا بوو.

٤٧ـ ٢٣ تا ٣٠ خاکەلێوەی ٧٤، پێکهاتنی کونگرەی دەهەمی حیزب (کونگرەی پەنجا ساڵەی حیزب).

٤٨ـ ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٧٤، یووبیلی زێڕینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو بەڕێوەچوونی زۆر ڕێوڕەسمی تایبەتی لە کوردستانو دەرەوەی وڵات بە بۆنەی ٥٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانی حیزبەکەمان.

٤٩ـ ٧ی گەلاوێژی ١٣٧٥، هاتنی هێزێکی دووهەزار کەسیی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو قووڵایی خاکی کوردستانی عێراق بە مەبەستی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزبو ئوردووگای کوردە ئاوارە ئێرانی‌یەکان لە نزیك شاری کۆیە. ئەو هێزانە بۆ ماوەی ١٢ سەعات بێ پسانەوە بە تۆپو کاتیوشاو مووشەك بنکەو ماڵەکانی تێکۆشەرانی دێمۆکراتیان ئاگر باران کرد. ئەگەرچی وێرانیو زیانێکی زۆری ماڵی لە ئاکامی ئەو هێرشەدا پێك هات، بەڵام بە خۆشی‌یەوە هیچ زیانێکی گیانی بە تێکۆشەرانی حیزبو بنەماڵەکانیان نەگەیشت. کۆماری ئیسلامی بەو هێرشو دەستدرێژی‌یە ئاشکرایە نەك هەر بە مەبەستەکانی کە لە نێوبردنو گرتنی تێکۆشەرانی حیزب، یا لانیکەم وەدەرنانیان لەو ناوچەیە بوو، نەگەیشت، بەڵکوو ریسوایی‌یەکی تەواوی بۆخۆی لە ئاستی ناوچەکەو دنیادا، کڕی.

٥٠ـ ٩، ١٠و ١١ی سیپتامبری ١٩٩٦ ( ١٩، ٢٠و ٢١ی خەرمانانی ١٣٧٥) بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست لە سالۆنی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویورک کە لەودا، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئەندامی چاوەدێری خۆی هەڵبژارد.

٥١ـ ١٣٥٧/٧/٢٩ (١٩٩٦/١٠/٢٠) ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بۆ خۆشخزمەتی بە ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی، ٧ تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە کوردستانی ئێران دەگەڕانەوە، لە نزیك شاری هەڵەبجە گرتو بە دەستو پێ بەستراوی تەحویلی ئەو ڕێژیمەمیان دانەوە. سەرئەنجام لەژێر فشاری بیروڕای گشتیی جیهانیو لایەنگرانی مافی مرۆڤ دا کۆماری ئیسلامی دوای نزیك بە ٨ ساڵ بێدەنگی کردن لە چارەنووسی ئەو گیراوانە، دانی بەوە دانا کە ٦ کەس لەوانی دوای تەحویل وەرگرتنەوە دوای چەندین حەوتوو ئەشکەنجەو ئازاری لەشیو گیانی، ئێعدام کراون.

٥٢ـ ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥، وەسەریەك کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێمۆکرات. پاش ٩ ساڵ جیاییو لێك دابڕان، ڕیزەکانی حیزب یەکیان گرتەوە.

٥٣ـ نیوەڕاستەکانی خاکەلێوەی ١٣٧٦، دەرکەوتنی ئاسەواری دەرمانداو کرانی بە کۆمەڵی زیاتر لە ٥٠ تێکۆشەری حیزبەکەمان بە هۆی ژاری "ثالیوم". بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بۆ لە نێو بردنی بە کۆمەڵی هاوڕێیانی حیزبیمان لە ئوردووگای بازیان، ئەو ژارەیان کردبووە نێو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ئەوان. بە خۆشی‌یەوە بە هەوڵی دوکتۆرەکانی نەخۆشخانەکانی بەغدا هەموو دەرمانداو کراوەکان لە مەترسیی مەرگ ڕزگاریان بوو.

٥٤ـ ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦)، دادگای بێرلین پاش سێ ساڵ لێکۆڵینەوەو موحاکەمە کردنی تاوانبارانی تیروری دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری حیزبەکەمانو هاوڕێیانی لە ڕێستورانی میکونووس، دوابڕیاری خۆی ڕاگەیاند. دادگا لەو بڕیارە مێژوویی‌یەدا وێڕای بڕینەوەی سزا بۆ عامیلانی تیرۆرەکە، ڕێبەرانی پایە یەکی کۆماری ئیسلامیی بە سەرچاوەی تیرۆرەکانو وەك تاوانبار ناسی. بە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگادا زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوەو کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دنیادا لەگەڵ ریسوایی‌یەکی بێ‌وێنە بەرەوروو بوو.

٥٥ـ ١ تا ٥ی بەفرانباری ١٣٧٦، پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزب (کۆنگرەی خەباتگێڕانی خۆڕاگر). ئەوە یەکەمین کۆنگرە بوو کە بە دوای یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبدا پێك دەهات.

٥٦ـ ٤ تا ٦ی سەرماوەزی ١٣٧٩ (٢٦ـ٢٤ی نوامبری ٢٠٠٠)، پێکهێنانی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

٥٧- ٢٣ی ئوکتۆبری ٢٠٠٢ (١ی خەزەڵوەری ١٣٨١)، بە بەشداریی ڕێبەرانو نوێنەرانی چەندین حیزبو ڕێکخراوی سیاسیو کۆمەڵەو ئەنجومەنی مرۆڤدۆستی فەرانسەییو ئورووپایی، هەروەها بە ئامادەبوونی نوێنەرانی دەیان حیزبو ڕێکخراوی سیاسیی کوردو ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی کورد، ئێرانیو ڕۆژئاوایی، لە سالۆنی "مارس"ی پارلمانی فەرانسە، ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانی بەڕێوەچوو.

٥٨ـ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤، بە بەشداریی نزیکەی هەزار کەس لە کوردو ئێرانی‌یەکانو ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە ناوچەیی‌یەکانی بێرلینو کەسایەتی‌یە نیشتمانی‌یەکان، پەردە لەسەر هێما (لەوح)ی بیرەوەریی شەهیدانی تیرۆری میکونووس لادرا. ئەم هێمایە لەسەر بڕیاری شارەداری ناوچەی "شارلاتن بورگ" لە شوێنی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانی دانرا.

٥٩ـ ١٣ ـ ١٧ی پووشپەڕی ١٣٨٣ (٣ ـ ٧ی جولای ٢٠٠٤)، پێکهاتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆیە. لەم کۆنگرەیەدا دروشمی بنەڕەتیی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان"ەوە گۆڕاو بوو بە "دابینکردنی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵی‌دا".



دیمەنێك لە بەشدارانی کۆنگرەی سێزدە

٦٠ـ لە ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٨٤ەوە کە خەڵکی مەهاباد بە دوای کوژرانی "شوانە سەید قادر" بە دڵتەزێنترین شێوە بەدەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، ڕژانە شەقامەکان، زنجیرەیەك خۆپێشاندانی جەماوەری لە پێش دا لە مەهابادو دواتر لە شارەکانی پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، مەریوان، دیواندەرە، بانە، سنە، سەقزو جوانرۆ، بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژی ڕەفتارو جینایەتەکانی ڕێژیمو هێنانەگۆڕی ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بەڕێوەچوو. دروشمی سەرەکیی خۆپێشاندەران قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیەو پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات بوو. ئەم خۆپێشاندانانە لەگەڵ پەلامارو سەرکوتی دڕندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوونو دەیان شەهیدو سەدان بریندارایان لێ کەوتەوەو ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵك کەوتنە زیندان.

خۆپیشاندانی خەڵکی سنە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد









درێژەی بەر لە ماڵاوایی

## حیزبی دێموکرات تەمەن، ڕەسەنایەتیو ڕەسالەت

ئەم متمانەو خۆشەویستی‌یەو پشتیوانی‌یەکی هەراو کە حیزبی دێمۆکرات لە نێو گەلی کورددا هەیەتی، شانبەشانی ئیعتیبارو ئەزموونێك کە ئەم حیزبە لە ئاکامی نوێنەرایەتیو ڕێبەرایەتی کردنی خەباتی میللی دێمۆکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێران دا وەدەستی هێناون، هاندەری حیزبی دێمۆکراتن بۆ غافڵ نەبوون لەو ریساڵەتە کە مێژوو خستوویەتە سەر شانی. لە ڕاستی‌دا "اصالت"و "رسالت"ی حیزبی دێمۆکرات شتێك نین کە ئەم حیزبە بۆخۆی داوایان بکا، بەڵکوو خەڵکی کوردستان هەموو ڕۆژێو لە فۆرمو شێوەی جیاوازدا، شایەدی بۆ ڕەسەنایەتیو پەیامبەرێتی حیزبەکەی خۆیان دەدەن.

سەبارەت بە ڕابردووی حیزبی دێمۆکراتیش دەبێ بڵێم ئەم ڕابردووەیە، بە هۆی بێبەری بوون لە سیاسەتو هەڵوێستو ڕەفتاری مایەی شوورەییو قەرەبوو نەکراو، بەپێچەوانەوە بە بۆنەی خاوێنی، نەتەوەیی، دێمۆکراتیكو ئینسانی بوونی سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزب، بە تایبەتی کە هەر لاپەڕێك لەم ڕابردوویەش ئارەقەو خوێنی بەوەجترین ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان نەخشاون، مایەی شانازیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەم ڕابردووە پڕ لە فیداکاریو سەربەرزی‌یەو، ئەزموونەکانی ٦ دەیە خەباتی سەختو دژوار یەکێك لە بەنرخترین سەرمایەکانی حیزبی دێموکراتن کە مەوقیعییەتێکی شیاوی ئێرەیی پێبردنیان بە حیزبی دیۆکرات بەخشیوە.

جان لووئیس نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی دەڵێ: "مرۆڤەکان بە چوونەسەری ساڵانی تەمەنیان پیرنابن، بەڵکوو بە لەدەستدانی ئاواتو ئارەزووەکانیان پیر دەبن"[1]. دەتوانم بڵێم لەبارەی حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسیشەوە ئەمە ڕاستە. حیزبێك کە لە باری بەرنامەو ویستو داخوازەکانی، لە باری لێکدانەوەی ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکان، لە ڕوانگەی پێکهاتەی ڕیزەکانی‌یەوە، بەردەوام لە نوێبوونەوەو گەشەکردن دابێ، حیزبێك کە توانای ئەوەی هەبێ لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی خۆی بچێتە پێشو بتوانێ ئەرکو ریسالەتی خۆی بە گوێرەی هەلومەرجە نوێ‌یەکانیش بباتە پێش، ڕابردووی درێژو تەمەنی زۆر نەك هەر لە هێزو وزەی کەم ناکاتەوەو نابن بە هۆکاری سستیو کەم توانایی، بەڵکو هێزو توانای پێ‌دەدەنو، بە چاوی ڕوونترو بۆچوونو لێکدانەوەکانی دەوڵەمەندتر دەکەن.

بەڵام ئەم وەڵامانە کە هەموویان لە قازانجی حیزبی دێمۆکرات دان، بە هیچ جۆر بەو مانایە نین کە ئێمەی ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات خاڵە لاوازەکانو کەمو کووڕی‌یەکانی حیزبی خۆمان، بە تایبەتی کەموکووڕیمان لە قۆزتنەوەی ئەو هەمووە خاڵە لەبارەدا کە حیزبی دێمۆکرات هەیەتی، نەبینینو بۆ هەرچی بەرەوپێشبردنی خەباتی ئازادیخوازیی گەلەکەمان کە هەر ئێستا لە شێوەی ڕاپەڕینی جەماوەریی شارەکانی کوردستان دا، بە باشی خۆدەنوێنێ، چارەسەریان نەکەین.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 419 16 Aug 2005



ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom


بەرلەماڵاوایی

## حیزبی دێمۆکرات، تەمەن، ڕەسەنایەتی‌و ریسالەت

ع. وریا

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ دا شەستەمین ساڵەی دامەزرانی خۆی دەکا بە جێژن. ئەم حیزبە، یەکەم حیزبی کوردە کە دەبێتە ٦٠ ساڵە. ئەگەرچی هەم پێش دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات، لە نێو کوردو لە کوردستان دا، حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسیی دیکە هەبوون، هەم لەو ماوە دوورو درێژەدا کە حیزبی دێمۆکرات تێکۆشانی هەیە، زۆر حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسیی دیکە لە کوردستان دامەزراون، بەڵام تا ئێستا هیچ حیزبێکی کورد نە لە باری تەمەندرێژی‌و بەردەوامی‌یەوە گەیشتۆتە حیزبی دێمۆکرات، نە لەباری پەرەگرتنی نفووزو خۆشەویستی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران دا وەپێش حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کەوتوونەوە.

تەمەن درێژیی حیزبێك دەتوانێ لە زۆر ڕوانگەوە بکەوێتە بەر سەرنج‌و کۆمەڵێك پرسیار بێنێتە گۆڕێ. سەرەکیترین‌و یەکەمین پرسیار دەتوانێ ئەمە بێ: بۆچی ئەو حیزبە بەتەمەنە، سەرەڕای دەیان ساڵ تێکۆشان‌و، تێپەڕین بەسەردەم‌و قۆناغە جۆراوجۆرەکان دا، نەیتوانیوە ئامانجە بنەڕەتی‌یەکانی خۆی‌و ئەو چین‌و توێژانەی نوێنەرایەتییان دەکا، بهێنێتە دی؟ ئەم پرسیارەش لەجێی خۆی دایە کە سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانە جیاوازانەی کۆمەڵگە، گەل‌و وڵاتی ئەو حیزبەو ناوچەو جیهان لە ماوەیەکی زەمەنیی درێژدا بەخۆیانەوەیان دیتوە، ئایا حیزبی بەتەمەن "اصالت" (ڕەسەنایەتی)و "رسالت" (پەیامبەرێتی)ی خۆی پاراستوە؟ دەتوانین چەند پرسیارێکی دیکەش لەم جۆرە پرسیارانە زیاد بکەین: داخوا حیزبی بەتەمەن توانیویەتی ڕابردووی خۆی بکا بە دەسمایەیەکی بەنرخ بۆ تێکۆشانی داهاتووی خۆی، یا بە پێچەوانەوە، ڕابردووەکەی بە هۆی جۆراوجۆر لێی بووە بە "بەڵا"و ئێستا بە هەر جۆرێك بووە، دەبێ پشتی تێ بکا؟ ئەم هۆیانە چین کە وایان کردوە ئەو حیزبە لە نێو کۆمەڵگەو نەتەوەکەی خۆی‌دا پشتیوان‌و لایەنگری لە جاران زیاتر یا کەمترو، ئاسۆی مانەوەو بەردەوامی‌و نزیکبوونەوەی لە ئامانجەکانی، گەشتر یا ڕەشتر بێ؟

هێنانە گۆڕی ئەم جۆرە پرسیارانەو وەڵامدانەوەی تێروتەسەل‌و هەر لەو کاتەدا گونجاو بە زۆر پرسیاری لەم چەشنە، زیاتر ئەرکی دەرفەتێکی بەرئاوەڵاتری وەك میزگرد، سمینارو لێکۆڵینەوەی زانستی‌یە تا وتارێکی کورتی ڕۆژنامە. چونکە لە لایەکەوە باسی دوورو درێژ هەڵدەگرێ، لە لایەکی دیکەشەوە، وەڵامی هەر پرسیارێکی لەم چەشنەو سەلماندنی پێویستیی بە زۆر بەڵگەو فاکت هەیە. جگە لەمەش ئەم جۆرە باس‌و پرسیارانە پێویستە لە جیاتی کەسێك، کەسانی جۆراوجۆرو لە ڕوانگەی جیاوازەوە تیشکیان بخەنە سەر. سەرەڕای ئەمەش هەوڵ دەدەم ئەوەندەی لە چوارچێوەی وتارێك دا بگونجێ، بە واقیع بینی‌یەوە، وەڵامی کورتی خۆم بەو پرسیارانە بدەمەوە.

حیزبی دێمۆکرات دوای ٦٠ ساڵ خەبات‌و تێکۆشانی خوێناوی، هێشتا بە ئامانجە سەرەکی‌یەکانی خۆی نەگەیشتوە یا بە دەربڕینێکی دیکە، زۆر لەو ئامانج‌و داوایانەی حیزبی دێمۆکرات ئەمڕۆ پاش ٦٠ ساڵ خەبات، هەوڵی بەدیهاتنیان دەدا، ئەوانەن کە لە ڕۆژی دامەزرانی‌یەوە ڕای گەیاندوون. بەڵام ئەم ڕاستی‌یە لە جیاتی نیشانەی ناکاریگەربوونی خەباتی ئەو حیزبەو، سەرنەکەوتنی‌لە هەڵگرتنی ئاڵای ڕزگاریی گەلی کورددا بێ، بەڵگەی دوو ڕاستین کە یەکێکیان جێگای داخە. ئەویش ئەمەیە لەگەڵ ئەوەی ویست‌و داواکانی حیزبی دێمۆکرات و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، شتێکی زۆر سەرەتایی‌و ڕەواو ئینسانین، بەڵام سەرەڕای تێپەڕبوونی دەیەکان‌و هاتنی سەدەو هەزارەی نوێ‌و گۆڕانی ڕێژیمەکان لە ئێران دا! ڕێزیان لێ نەگیراوەو دانیان پێدانەنراوە. زۆر لە ویست‌و داواکانی حیزبی دێمۆکرات‌و گەلی کورد لە درێژایی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا، لەوانەن کە گەلانی دیکە لە بەشەکانی دیکەی جیهان پێشتر، یا هەر لەو ماوەیەداو بێ ئەوەی سەدیەکی گەلی کورد قوربانیی بۆ بدەن، پێی گەیشتوون. ڕاستی‌یە جێی شانازی‌یەکەش ئەوەیە کە نابەرابەریی هێز لە نێوان حیزبی دێمۆکرات‌و دوو ڕێژیمی دژی کوردی پاشایەتی‌و کۆماری ئیسلامی، چاوی ئەم حیزبەو گەلی خەباتگێڕی کوردیان نەترساندوەو ئەوانی لە بژاردنی نرخی گرانی ئازادی نەسڵەماندۆتەوە. ئەوان، نە بە تێپەڕینی زەمان، نە بە گۆڕانی جۆرو شێوەی فێڵ‌و تەڵەکەو سەرکوت‌و نە بە جێگۆڕینی دەسەڵاتداران، دوو شتی بنەڕەتییان فەرامۆش نەکردوە: مافە ڕەواکانیان‌و خەبات لە پێناویان دا. ئەگەر هێشتاش بە داواو ئامانجەکانیان نەگەیشتوون تاوان لەوان نیە، بەڵکوو واقیعی تاڵی هەلومەرجێك کە کورد بە گشتی تێی‌دا دەژی‌و، کۆمەڵێك هۆکاری دیکە لەو نێوەدا، ڕۆڵیان هەبووە.

لە بارەی ڕەسەنایەتی (اصالت)و پەیامبەرێتی (رسالت)ی حیزبی دێمۆکراتیشەوە، داوەری‌و هەڵسەنگاندن بەسەرنجدان بە هێندێك بەڵگەی زیندوو، زەحمەت نیە. حیزبی دێمۆکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانی‌یەوە حیزبێکی ڕەسەن بووە. واتە هەڵقوڵاوی گرنگترین پێویستی‌یەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێرانە. نە کەس لە دەرەوەی کوردستان ڕا هاتوە حیزبی دێمۆکرات دامەزرێنێ‌و نە ئەو دروشم‌و داوایانەی لەبەرنامەی خۆی‌دا هێناونی، لە خەڵکی کوردستان بێگانە بوون. دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات وەڵامدانەوە بە پێویستیی پێکهاتنی ڕێکخراوێکی پێشکەوتووو مۆدێرن بە بەرنامەیەکی ڕوونەوە بۆ کۆکردنەوەی هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە دەوری خۆی‌و، وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد بووە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە حیزب هەر لە یەکەم ساڵی تێکۆشانیشی‌دا، هەم توانی زۆرترین چین‌و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەخۆی کۆ بکاتەوە، هەم ئاواتی نەتەوەیی لەمێژینەی ئەوانی بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان هێنایە دی. بەڵگەیەکی دیکەی ڕەسەنایەتیی ئەم حیزبە ئەوەیە، ئەو کاتانەش کە لەگەڵ توندترین سەرکوت بەرەوروو بووەو، زۆرترین زەبری لێدراوە، زۆری پێ‌نەچووە بووژاوەتەوەو، چوارچێوەی تێکۆشانی بەرینتر بۆتەوە. جگە لەمانەش حیزبی دێمۆکرات، حیزبی چین‌و توێژێکی تایبەت نەبووە، هی هەموو خەڵکی کوردستان بووە. لە ڕۆژی یەکەمی تێکۆشانی‌یەوە قامکی لەسەر بنەڕەتیترین کێشەی گەلی کورد یانی مەسەلەی نەتەوایەتی داناوەو بەڵام داخوازە کۆمەڵایەتی‌یەکانی خەڵکیشی لەبیرنەکردوە. هەربۆیە ئەم حیزبە بەردەوام لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێکراوەو خەڵك بە ڕووتێکردن‌و هەڵگرتنی ئاڵای خەبات‌و تێکۆشان لە ڕیزەکانی‌دا، ژیان‌و مانەوەیان دەستەبەر کردوە.

ریسالەتی حیزبی دێمۆکرات کە لە ڕێبەری کردن‌و بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و گەیشتن بە دێمۆکراسی‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکان دا خۆدەنوێنێ، لەگەڵ تێپەڕینی زەمان قورستر بووە. حیزب بە بەرزکردنەوەی دروشم‌و داوای هەڵقوڵاو لە هەناوی کۆمەڵگەوە، بە گرتنەپێشی سیاسەت‌و هەڵوێستی دروست‌و بەجێ لە قۆناغ‌و بڕگە جیاوازەکان دا، بە سوور بوون لە سەر ئامانجەکانی گەلی کورد، بە پیشاندانی لێوەشاویی لە بەڕێخستن‌و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان دا، بە ڕاوەستان‌و بەربەرەکانیی شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر سیاسەتی شووێنیستانەو سەرکوتکەرانەی ڕێژیمەکانی ٦٠ ساڵی ڕابردووی ئێران، بە ناساندنی خەباتی گەلی کورد بە جیهان‌و بە بەخشینی گیانی دەیان ڕێبەرو سەدان کادرو هەزاران پێشمەرگەو ئەندامی خۆی لە پێناوی ئازادی‌دا، بووە بە جێگای متمانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.



ئەی حیزبەکەی قازیی نەمر، نیشتمانی گیان بەختەکان

تۆ (ساری)یەی یەکەم ئاڵای دەسەڵاتی ئەم گەلە بووی

داڵدەی هەموو خەونەکانی وەرزی زریانە سەختەکان

کە دروێنەی نوخشەمان کرد خەرمانانی ئەو حەلە بووی

نەمر، حەسیب قەرەداغی

### بژی دێموکرات

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات

کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکرات تۆ دەدا نەجات

پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەکا مات

بژی دێموکرات، بژی دێموکرات

کوردە گیان! ئەمڕۆ چاوو دڵت ڕوون

لاوانی وڵات پاك ئامادە بوون

تەمای وەیانە ڕاپەڕن ببزوون

لێوی دوژمنی هەرزەگۆ بدروون

بژی دێموکرات، بژی دێموکرات

نەمر، هێمن موکریانی

## پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان



قازی محەممەد لە ئاخری تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ ـ ك دا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەو زۆر زوو دەرکەوت کە شەخسییەتێکی بەرچاو و هەڵکەوتووی ئەو ڕێکخراوەیە. بۆیە هەرچەند درەنگتر لە زۆر کەسی دیکە چوو بوو بۆ نێو کۆمەڵە، بە کردەوە بوو بە بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ژ ـ ك. کاتێك حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، دەرکەوت کە قازی محەممەد زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە لەو زەروورەتەو، لەو پێویستی‌یە تێ‌گەیشتبوو کە کۆمەڵەی ژ ـ ك بە تەرکیبی خۆی، بە شێوەی ڕێکخستنی خۆی ناتوانێ وەڵامدەری خەباتی گەلی کورد لە کوردستان بێ. هەربۆیەش قازی محەممەد لە هەموو کەس زیاتر دەستی لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەبوو. لە هەموو کەس زیاتر تەئسیری هەبوو بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی ئەوتۆ بۆ ئەم حیزبە دابڕێژرێ. هەربۆیە بە حەق قازی محەممەد بە دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات دەناسرێ‌و دەتوانین بڵێین کە لەنێو هەموو بەڕێوەبەرانی ئەوکاتەی حیزبی دێموکرات دا شەخسییەتێکی بێ‌هاوتا بوو، ڕادەی تێگەیشتن‌و ئەزموون‌و سەلاحییەتی لە هەموو ئەوانی دیکە بەرچاوتر بوو. ئەگەر چەند ڕووناکبیری دیکەی لێ دەرکەین لە ڕاستی‌دا قازی محەممەد بە تاقی‌تەنیا بوو، ئێمە ئێستا زۆر بە باشی تێ‌دەگەین چ بەرپرسایەتی‌یەکی گەورەو چ زەحمەت‌و تێکۆشانێکی بێ‌وچان کەوتبووە سەرشانی قازی محەممەد.

وەرگیراو لە فەسڵی یەکەمی کتێبی "چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی" نووسینی: دوکتور قاسملووی نەمر